دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com
ژمارە: ٥٦٨
شەممە ١٦ی ڕەزبەری ١٣٩٠ - ٨ی ئوکتوبر ٢٠١١ ١٥٠ تمەن
ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی

هەڵوێستەیەک لە سەر بیروبۆچوونەکانی د. شەڕەفکەندی
٦

سیاسی

پەیامی فەلەستین: گۆڕینی یاساکانی مودیریەتی جیهانی لە پێناو گەشەی دادپەروەری دا
٧

بیروڕای ئازاد

وەڵامێک بۆ کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی یەکیەتیی فیداییانی گەلی ئێران
٩

ئەدەب و هونەر

ژیلا، کۆتایی بەخشی هێژێمۆنیی گشتگیری پیاوسالار لە شێعری کوری دا
١١

### لە پلێنۆمی سێهەم دا

# لە سەر هەڵوێستە نەتەوەیی، یەکیەتیخوازانە و بوێرانەکانی حدک پێ داگیرایەوە

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی پێکهاتنی سێهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندییەوە

به ئاگاداریی سەرجەم تێکۆشەران، ئەندامان و ئۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەگەیەنین کە سێهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەیەم لە ڕۆژانی ڕابردوو دا پێک هات.

پلینۆمی سێهەم، سەر لە بەیانیی ڕۆژی سێ شەممە ١٢ ی ڕەزبەر (٤ ی ئۆکتوبر) بە بەشداریی سەرجەم ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لە کوردستان و بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات، بەڕێوەچوو. بە ڕەواڵی پێشوو، پلینۆم بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەستی پێ کرد. پاشان دەستوور کاری پێشنیارکراوی دەفتەری سیاسی، لەلایەن بەشداران قسەی لەسەر کرا و دوای ئەوەی سەرنج و تێبینی و پێشنیاری بەشدارانی لەسەر وەرگیرا، پەسند کرا.

لە یەکەم بڕگەی کاری سێهەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا، سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێی بەڕێز خالید عەزیزی، باسێکی سیاسی لەبارەی ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێران و کوردستان پێشکەش کرد. باسەکەی سکرتێری گشتی، لە چەند دانیشتنی کۆمیتەی ناوەندی دا، تاوتوێکرا و بە بۆچوونی جۆراوجۆری ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی، دەوڵەمەند کرا.

### ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

بە هەڵسەنگاندنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی، ڕاپەڕینی جەماوەری لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دژی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، هەروا لە پەرەسەندن و پێشڕەوی دان و ڕووخانی دیکتاتۆریی لە مێژینە لە لیبی لەم دوایانە دا، هیوای کۆمەڵانی وەزاڵە هاتوو لە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بە گۆڕان لە هەموو ناوچەکە دا بەهێزتر کردوە. پلینۆم وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی لیبی، بە بایەخەوە هەڵوێستەی لەسەر ڕاپەڕینی جەماوەری لە سووریە کرد. لەم پێوەندییە دا و لە ڕوانگەی هاوپێوەندی لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتە، وێڕای مەحکووم کردنی سەرکوتی دڕندانەی خەڵکی ڕاپەریو، هاوپەیمانەتیی لە مێژینەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حکوومەتی ئەو وڵاتە و هاوکارییەکانی چەند مانگی ڕابردووی دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕێژیمی سووریەی بە مەبەستی سەرکوتی خەڵک دایە بەر سەرنج. بە باوەڕی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بە مەبەستی پارێزگاری لە مانەوەی دیکتاتۆری سووریە ئاکامێکی نابێ و لە سووریەش هەروەک وڵاتانی دیکەی ناوچە، ئیرادەی خەڵکی ڕاپەریو چۆک بە دیکتاتۆریی دادەدا. پلینۆم ئەم ڕەهەندەش لە گۆڕانی چاوەڕوانکراوی خستە بەر سەرنج کە بە ڕووخانی دیکتاتۆری لە سووریە، جگە لەوەی خەڵکی ئەو وڵاتە و لە نێو ئەوان دا کوردەکان دەرفەتیان بە مەبەستی بەدیهێنانی ویست و داخوازە لەمێژینەکانیان بۆ دەڕەخسێ، کۆماری ئیسلامییش وەک هاوپەیمانێکی ستراتیژیی دیکتاتۆری سووریە، زەبرێکی گەورە لە بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی دەدرێ و دەستی لە ئاژاوەگێڕی و خۆتێهەڵقوتاندن لە کاروباری ناوچە بەتایبەتی لوبنان و فەلەستین دا، کورت دەبێتەوە.

ل ٤

## دەسڕێژ لە بەشدارانی ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی مەشعەل تەمۆ کرا و چەند شەهید و برینداری لێکەوتەوە

تیرۆری مەشعەل تەمۆ یەکێک لە ڕێبەرانی ناسراوی کورد و یەکیک لە لایەنە دژبەرەکانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد,کاردانەوەی جیهانیی بەدوایخۆی دا هیناوە. دەوڵەتی فەرانسە رایگەیاند کە سەری لە کوشتنی مەشعەل تەمۆ سوڕماوە.

کۆشکی سپیی ئامریکاش دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە رایگەیاند کە کوشتنی ئەو ڕێبەرە کوردە، ئەو ڕاستییە دەردەخا کە بەشار ئەسەد خەریکە وڵاتەکەی بەرەو هەڵدێر دەبا.

وتەبێژێکی کۆشکی سپی لە گەڵ ئەوەشدا جارێکی دیکەش داوای لەسەرکارلادانی بەشار ئەسەدی دووپات کردەوە.

هەر لەم پێوەندییە دا دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بەیاننامەیەکدا، تیرۆری مەشعەل تەمۆ و دەسڕێژ لە بەشدارانی ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی ئەو ڕێبەرە کوردەی مەحکووم کردوە و سەرەخۆشی و هاودەردیی خۆی بە گەلی کورد لەو وڵاتە و بنەماڵەی شەهیدان، ڕاگەیەندوە.

لە وڵاتی ئوتریش، کورد و عەرەبەکانی سوریە، دانیشتووی ئەو وڵاتە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی تیرۆری مەشعەل تەمۆ هەڵیان کوتایە سەر باڵوێزخانەی سووریە لە ڤییەن و دوای دەست بە سەر داگرتنی باڵوێزخانەکە ئاوریان دا.

دوابەدوای ئەو کردەوەیە پۆلیس١١ کەسی بە تۆمەتی ئەنجامدانی ئەو کارە، قۆڵبەست کردوە.





لە شاری هەولێر، پێتەختی هەریمی کوردستانیش کوردانی سووریە خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم پارلمانی کوردستان وەری خست و داوایان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق کرد کە پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماسی و ئابوورییەکانیان لە گەڵ سووریە را بگرن و باڵوێزی ئەو وڵاتە لە عیراق وەدەر بنرێ.

لە لایەکی دیکەشەوە لە کاتی ناشتنی تەرمی مەشعەل تەمۆدا هێزە ئەمنیەتییەکانی سووریە لە قامیشلوو هەڵیان کوتاوەتە سەر خەڵک و بە تەقە و لێکدان بڵاوەیان بە خەڵکی کردوە. بەپێی زانیاریی سەرچاوە نێوخۆییەکان لەو پەلامارەدا شەش کەس کوژراون و چەندین کەسیش بریندار بوون.

## دیداری هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە دەفتەری سیاسیی حیزب



ڕۆژی پێنج شەممە ٧ی ڕەزبەر(٢٩ی سێپتامبر)، هەیئەتێک لە ڕێبەریی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کادری ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب، پێشوازیی لێ کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەی ڕێبەریی هەر دوو حیزب لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، کۆمەڵێک پرسی سیاسیی کوردستان، ئێران و ناوچە کەوتنە بەر باس. لە ئاستی ناوچە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ڕاپەڕینی خەڵکی سووریە لە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری ئەو وڵاتە، داوای سەرۆکی فەلەستین لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەسمی ناسینی سەربەخۆیی وڵاتی فەلەستین، ڕقەبەرایەتی و ململانێی تورکیە و ئێران لە ناوچە و لە ڕادەی جیهانی ئیسلامیدا، قسەیان لە سەر کرا.

لە تەوەرێکی دیکە باسە هاوبەشەکاندا، تیشک خرایە سەر هۆکار و ئامانجەکان و ئاکامەکانی لەشکرکێشی و هێنانی هێزی زۆری نیزامی بۆ ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوە

هەروەها لەم دیدارەدا، پێویستیی لێک نزیکبوونەوە و هاوکاری و یەکگرتوویی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە سەرنجدان بە ئالوگۆڕەکان و ئەگەرە جۆراوجۆرەکان و ویست و چاوەڕوانیی کۆمەڵانی خەڵک، پێی لە سەر داگیرایەوە.

## پەیامی سەرەخۆشیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی مێهرداد مەشایخییەوە



هاوڕێیانی بەڕێز لە ڕێکخراوی یەکیەتیی کۆماریخوازانی ئێران

کۆچی دوایی مێهرداد مەشایخی لە هەلومەرجێکدا کە ئێران زیاتر لە هەر کاتێک پێویستیی بە ڕووناکبیران و خەباتکارانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی هەیە لە پێناو ڕوونکردنەوەی بیروڕای گشتی و بەهێزترکردنی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازانە و دژی سەرەڕۆیی، بە خەسارێکی گەورە دێتە ئەژمار. دوکتور مێهراد مەشایخی لەو کەسایەتییانە بوو کە لە خەبات دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری لە ئێراندا دەورێکی بەرچاوی گێڕا.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە ئێوە دۆستانی بەڕێز و بنەماڵەی بەڕێزی مەشایخی و هەموو هاوسەنگەرانی دوکتور مەشایخیی کۆچکردوو دەکەین.

بە هیوای وەدیهاتنی ئامانجە دێموکراسیخوازانەکانی دوکتور مەشایخی و هەموو ئازادیخوازانی ئێران.

**بە ڕێزو حورمەتەوە**
**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١١**

## هاوکاریی ئێران و تورکیە لە بەربەرەکانیێ دژی کوردەکاندا



ڕەجەب تەیب ئەردوغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیە، باسی لە هاوکارییەکانی وڵێتەکەی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بە دژی هێزەکانی پ.ک.ک کرد کە لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان جێگیرن.

ڕەجەب تەیب ئەردوغان لە وتووێژ لەگەڵ ڕاگەیەنەکانی ئەو وڵاتە گوتی کە کۆمەڵە کار و پرۆژەیەکی هاوبەش لەم بارەیەوە خەریکە ئەنجام دەدرێ و ئەو دوو وڵاتە هەر ئێستاش لەو بارەیەوە هاوکاریی یەکتر دەکەن.

سەرۆک وەزیرانی تورکیە هەروەها داوای لە گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) کرد کە بۆ پێشگرتن لە هاتنە ژووریێ ئەرتەشی تورکیە بۆ ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان کە ئەوان لێی جێگیر بوون، دەست لە خەباتی چەکداری هەڵ گرن و چەکەکانیان دابنێن.

هاوکات لە گەڵ بڵاوبوونەوەی قسەکانی سەرۆک وەزیری تورکیە لەلایەن هەواڵنێری فەڕانسەوە، هەواڵنێری دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران(ئیرنا) وێڕای بڵاوکردنەوەی قسەکانی سەرۆک وەزیری تورکیە لە زمان ئەردوغانەوە دەڵێ کە خەبات بە دژی تیرۆریزم باسی سەرەکیی چاوپێکەوتنی نێوان سەرۆک وەزیری تورکیە و سەرۆک کۆماری ئێران دەبێ. ئەو چاوپێکەوتنە بڕیار وایە لە پەراوێزی دانیشتنی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەنجام بدرێ. جێگای سەرنجە ڕێژیمی ئێران کە لە ئاستی نیونەتەوەییدا وەک ڕێژیمێکی تیرۆریستی و پشتیوانی تیرۆریزم ناسراوە، هێزە کوردە خەباتکارەکان وەک تیرۆریست ناو دەبا.

## عەلی عەبدوڵڵا سالح دەسەڵات بە جێ دێڵێ



سەرکۆماری یەمەن ١٦ی ڕەزبەر لە پەیامێکی تلویزیۆنی دا بەڵێنی بە خەڵکی یەمەن دا لەم ڕۆژانەی داهاتوودا دەسەڵات بە جێ بێڵێ.

ناوبراو پێشتریش چەند جار ئامادەیی خۆی بۆ بە جێ هێشتنی دەسەڵات ڕاگەیاندبوو، بەڵام هەموو جارێ لە دوایین ساتەکاندا بەڵێنی نەبردبووە سەر.

ئێستاش عەبدوڵڵا سالح لە کاتێکدا ئەو بەڵێنەی بە خەڵک دا کە حەوتوویەک پێشتر دوای گەڕانەوەی لە عەرەبستان داوای هەڵبژاردنی پێشوەختی کرد.

یەمەن نۆ مانگ دەگەڵ سەرهەڵدانەکانی ولاتانی عەرەبی تووشی ئاڵۆزی و پێکدادانی دژبەران و لایەنگرانی دەسەڵات هاتوەو لە ماوەیەدا وێرای کوژران وبریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر هێشتاش ئاڵۆزییەکان هەر بەردەوامەو ئۆپۆزیسیۆن داوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ٣٢ ساڵەی عەلی عەبدوڵڵا سالح دەکەن.

# تاوتوێ کرانی پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە دیداری ڕێبەرانی حیزبی شیوعیی کوردستان و حدک دا

ڕۆژی شەممە، ٩ ی ڕەزبەر هەیئەتێک لە سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی کورستان بە مەبەستی بیروڕا گۆڕینەوە لە سەر چەند پرسێکی سیاسیی تایبەت بە دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە،



ئێران و هەرێمی کوردستان و پێوەندیی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە گەڵ هەیئەتێک لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبونەوە.

لە سەرەتای دانیشتنی نێوان هەردوو حیزب دا مامۆستا محەممەد جوانڕۆیی لە گەڵ دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی و هاوڕێیانی لە سەردانەکەیان لە حیزبی دێموکرات، وێڕای ئاماژە بە دوایین گۆڕانە سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبی و باکووری ئافریقاو کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕانانە لە سەر وڵاتانی دیکەی ناوچەکەو بەتایبەت ئێران، باسێکیشی لە سەر بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و بوردمانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لە لایەن هەر دوو وڵاتی ئێران و تورکیە پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی دانیشتنی نێوانی هەردوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعیی کوردستان، بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری حیزبی دێموکرات، خوێندنەوەی حیزبەکەی لە پێوەندیی لە گەڵ دوایین پێشهاتە سیاسییەکان، تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خستە ڕوو.

بەڕێز عەزیزی هەروەها لە سەر پێوەندی نێوان حیزبەکانی کوردستان ڕایگەیاند حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو ڕێگاکانی دیپلۆماسی، ڕاگەیاندن و پێوەندییەکانی خۆیەوە تێکۆشاوەو تێدەکۆشێ کە شوێنەوارە مەنفییەکانی لێکترازانی هێزە سیاسییەکانی بڕەوێنێتەوەو کار لە سەر ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان بکاتەوە.

# بەشداری کردنی هەیئەتێکی پایە بەرزی حدک لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکار بریتانیا

هەیئەتێکی پایە بەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە بەڕێزان حەسەن رستگار، مەولود سوارە و رزگار قادرزادە لە ڕۆژانی ٢٥ تا ٢٩ سپتامبری ٢٠١١ لە سەر بانگهێشتی حیزبی کرێکاری بریتانیا، بەشداری لە کۆنفرانسی ساڵانەی ئەو حیزبە کرد کە لە شاری لیڤرپول گیرا.

ئەو کۆنفرانسە بە بەشداری نوێنەرانی زیاتر لە ١٤٠ حیزب و ڕێکخراو وە باڵیۆزی وڵاتان و هەزران ئەندامی ئەو حیزبە دەستی بەکارەکانی کرد.

سەرەتای کۆنفرانسەکە بە پەیامێکی ڤیدیۆیی کە بە نهێنی ئامادە کرابو وە بە قاچاغی گەیشتبۆوە دەست کۆنفرانسەکە لە لایە ن خانمی «ئان سان سوکی» ڕێبەری ئازادی خوازی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتی بەرمە کە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە لە لایەن حکوومەتی دیکتاتۆریی ئەو وڵاتەوە لە ماڵەکایدا زیندانی کراوە دەستی پێ کرد. خانمی «ئانسان سوکی» لە پەیامەکەیدا گرینگیی نرخی ئازادی و دیموکراسی بۆ بەشدارانی کۆنفراسەکە ڕوون کردەوە وە سیستمی دێموکراسی بە باشترین شێوە بۆ بەرێوەبردنی هەر وڵاتێک نرخاند. ناوبراو هەروەها



تیشکی خستە سەر کەندو کۆسپ و دژوارییەکانی گەیشتن بە دیموکراسی لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا و داوای لەو وڵاتانەی کە بە دێموکراسی گەیشتون کرد کە دەبێ هەوڵ بدەن وە رۆڵێکی کاریگەریان هەبێ بۆ یارمەتی دانی گەلانی ژێردەستی حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی دنیا بۆ گەیشتنیان بە ئازادی و دیموکراسی.

# ژنێڤ : بەڕێوە چوونی سیمینارێک سەبارەت بە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران

لە پەراوێزی هەژدەهەمین کۆبوونەوەی شورای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ڕۆژی ٢٠ ی سێپتامبری ٢٠١١ سیمینارێک سەبارەت بە سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە



بنکەی ئەو ڕێکخراوە لە ژنێڤ بەڕێوە چوو. ئەو سیمینارە کە لەژێر سەردێڕی «بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران : پەرە ئەستاندنی ئێعدام و سەرکوت» و بە بەشداریی ژمارەیەک لە چالاکانی سیاسیی ئێرانی و چاوەدێرانی بیانیی بواری مافی مرۆڤ بەڕێوە چوو، لەلایەن ڕێکخراوی سودویندی ئوتریشی و لقی سویسی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردنەوە ڕێکخرابوو.

لە سەرەتای سیمینارەکەدا خانمی ئانتۆنیا بێرشینگێر بەرپرسی لقی سویسی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن باسێکی بە ناونیشانی «ئێعدام و لەسێدارەدان لەبەر چاوی خەڵک» پێشکەش کرد کە لەودا وێڕای ئاماژە بە بەرز بوونەوەی سەرلەنوێی ڕێژەی ئێعدام لە ئێران، هۆکارە رەسمی و راستەقینەکانی لەسێدارەدان پۆلێنبەندی کرابوون. پاشان بەڕێز ڕەزا عەلیجانی لە چالاکانی میللی-مەزهەبی لە باسێکدا لەژێر سەردێڕی «ئاکامە دەروونییەکانی سیاسەتی سەرکوت» وێڕای گێڕانەوەی ئەزموونی خۆی وەک یەکێک لەو کەسانەی لە ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ رزگاری ببوو، سیاسەتی درۆزنانە و فریوکارانەی ڕێژیم لەو پێوەندییەیدا لەقاودا.

د. ئاسۆ حەسەن زادە باسێکی لەژێر سەردێڕی « کۆماری ئیسلامی و سەرکوت لەڕێگای تێرۆر و ئێعدامی نایاسایی‌یەوە» پێشکەش کرد. ناوبراو لە سەرەتای باسەکەیدا تێرۆری جیابیران لەلایەن ڕێژیمەوەی لەڕووی پیناسەی حقووقییەوە خستە خانەی ئێعدامی فەراقانوونییەوە. پاشان بنەما سیاسی و مەزهەبییەکانی تێرۆرڕێزمی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسیارێتیی ڕێژیم لەپێوەندی لەگەڵ بڕیار لەسەردان و جێبەجێ کردنی تێرۆرەکانیدا روون کردەوە. دواتر پۆلێنبەندییەکی شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکانی تێرۆری موخالیفان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتی کرد و تایبەتمەندی و پێوەندیی نێوان ئەو تێرۆرانەی لەڕووی بەستێن و ئامانجی تێرۆرەکانەوە دەستنیشان کرد. پاشان مامەڵەی دەوڵەتانی ئەورووپایی لەگەڵ دیاردەی تێرۆری موخالیفانی کۆماری ئیسلامی لەسەر خاکی وان لێک دایەوە. شایانی گوتنە کە بەهۆی هاوکات بوونی سیمینارەکە لەگەڵ نۆزدەهەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، بابەتی ئەو جینایەتە و دادگای میکۆنۆس بەشێکی بەرچاوی باسەکەی بە خۆیەوە گرتبوو.

لە بەشێکی دیکەی پانێلەکەدا بەڕێز مستەفا خوسرەوی لە چالاکانی پێشووی ئەدواری تەحکیمی وەحدەت لە باسێکدا لەژێر سەردێڕی «دەستگیر کردنی نایاسایی و بێسەروشوێن کردنی بەزۆری»، وردەکاریی رفاندن و دەستبەسەر کردنی ڕێبەرانی بزوتنەوەی سەوزی خستە ڕوو. لە کۆتاییدا، خانمی رووحی شەفیعی لە کارگێڕانی ڕێکخراوی ئیئتلافی نێونەتەوەیی بەدژی توندوتیژی لە ئێران وتارێکی بە ناونیشانی «توندوتیژی لە ئێران : داستانێکی کۆتایی نەهاتوو» پێشکەش کرد کە لەودا وێڕای خستنەڕووی ئامارەکانی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی سیاسەتی سەرکوتی دەوڵەتی لە پەرەپێدان و بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگایدا شی کردبۆوە.

# بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە نۆروێژ لە ڕێورەسمی ٣١ ساڵەی دامەزرانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی شەممە، ٢ی ڕەزبەرزایینی هەیئەتێکی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی بەشدارییان لە ڕێورەسمی ٣١ ساڵەی دامەزراندنی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران کرد کە لە شاری «سارپسبۆرگ» ی نۆروێژ بەڕێوە چوو.

لەو ڕێورەسمەدا پەیامی کۆمیتەی حیزب لە لایەن خوسرەو قادری، بەرپرسی بەشی پێوەندی هێزە کوردستانییەکان لە نۆروێژ، خوێندرایەوە. لە پەیامەکەی حیزب دا وێرای پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە لە سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران هاتبوو کە جووڵانەوەی کورد لە ئێران بە هەموو لایەن و هێزە سیاسی‌یەکانیەوە لە چەندین قۆناغی دژوار تێپەڕیوە و بە دەیان و بگرە سەدان ئەزموونی سیاسی وە پاش خۆی داوە. بەڵام گرینگترینی ئەو ئەزموونانە، تێپەڕین لە کێشەی پێکدادانی ناوخۆیی ئەو هێزانەیە و گەیشتن بە شێوەیەک لە قەناعەتی سیاسی و واقیعبینانەیە بەرانبەر بە یەکدی. ئێمە پێمان وایە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی



یەکان ئێستا ئەرکێکی گرینگتر لە رابردوویان لەسەر شانە و دەبێ بە بێ لەبەرچاوگرتنی خاڵە ناروونەکانی رابردوو، بەرەو روحی سەردەم هەنگاو هەڵێنن و وڵامدەری پرسە سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵگای ئەورۆ و ئەو ئاڵ و گۆڕانە بن کە هەموو جیهانی گرتۆتەوە. پێویستە سەرنجی زیاتر بدرێتە خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان و بە سینگ فراوانی یەوە هەڵسو کەوت لە گەڵ خاڵە جیاوازەکانمان بکەین.»

# دۆخی نالەباری چوار بەندکراوی کورد دوای ١٥ ساڵ بەندکران

چوار بەندکراوی سیاسیی کورد کە ١٥ ساڵ لەوە پێش بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکرات، لە نیزیک گوندی چروسانەی ناوچەی کامیاران لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر کران، تا ئیستا مۆڵەتی چوونە دەر لە زیندان و سەردانی بنەماڵە و کەسوکاریان پێ نەدراوە.

هەر یەک لە والی درووودی، محمد مرادی، علی صالحی و عمر امامی کە ئێستا لە بەندیخانەی شاری یەزد لە ناوەندی ئێران دا بەند کراون، وێڕای ئەوە کە لە پێدانی هەر جۆرە مەرەخەسیەک بێ بەش کراون، لە ناو بەندی تاوانبارە مەترسیدارەکان دا ڕاگیراون.

والی درووودی لە بابەت دۆخی نالەباری خۆی و سێ هاوڕێکەی کە هەر سێکیان بە یەکەوە لە هەمان بەند، زیندانی کراون، لە دیمانەیەک دا لە گەڵ ڕادیۆ زەمانە ئاشکرای کرد کە دۆخی جەستەیی یەکێک لە هاوڕێکانی لە ناو زیندان دا نالەبارە. وتیشی کە لە ڕۆژی دەستبەسەرکرانمەوە هەتا ئێستا مۆڵەتی تاکە یەک ڕۆژ دەرچوون لە زیندانیان پێ نەداوم.

والی درووودی جگە لەوەی لە ساڵی ٧٥ەوە بەتاوانی ئەندامەتی



لە حیزبی دێموکراتدا لە زینداندایە و حوکمی هەتا هەتایی بە سەردا سەپاوە ،پێشتریش لە ساڵی ٦٩ تا ٧٢ بۆ ماوەی ٣ ساڵ هەر بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتدا لە زیندانی سنە دەسبە سەر کرابوو. ناوبراو ئێستاش دوای ١٥ ساڵ زیندانیی کران لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە لە بەشداریکرن لە ڕێورەسمی زەماوەندی تاقانە کچەکەی بێ بەش کراوە.

# ئیعدام کرانی زیندانییەکی سیاسیی کورد لە کرمان

چالاکانی ماف و دێمۆکراسی لە ئێران بڵاویان کردەوە کە سەر لە بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ١٢ ی ڕەزبەر یەکێک لە زیندانیانی سیاسیی کورد لە زیندانی ناوەندیی کرمان بە نهێنی لە سێدارە دراوە.

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی کوردپا عەزیز خاکزادە، زیندانیی سیاسیی کورد تەمەن ٢٩ ساڵ و خەڵکی شاری سەلماس ڕۆژی سێشەممە ١٢ی ڕەزبەر بە تاوانی «محاربە» و هاوکاری لەگەڵ گرووپە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سێدارە دراوە.

ئەو زیندانیە سیاسییە کوردە ساڵی ١٣٨٦ لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێرانەوە قۆڵبەست و لە دادگای شۆڕشی شاری خۆی حوکمی ئیعدامی بۆ بڕابۆوە.

شایانی باسە کە پێشتر بە هەوڵی بنەماڵە و پارێزەری عەزیز خاکزادە حوکمی ئیعدامەکەی بۆ ٥ ساڵ زیندانی کەم کرایەوە و بۆ زیندانی کرمان دوور خرایەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی کە



حوکمی ٥ ساڵ زیندانی ناوبراو لە دادگایەکی رەسمیدا گۆڕابێ، لە ناکاو شەوی سێشەممە عەزیز خاکزادە بۆ ژووری تاکەکەسی دەگوازرێتەوە و سەر لە بەیانیی ڕۆژی دواتر لە سێدارە دەدرێ و دواتر بنەماڵەکەی لەو ڕووداوە ئاگادار دەکرێتەوە.

# پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی سالّی نوێی خوێندنەوە

**مامۆستایان! فێرکاران! خوێندکاران و قوتابیان!**
**ئۆگرانی فێربوون و زانست و پێشکەوتن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرانسەری ئێران!**

بەبۆنەی دەستپێکردنی سالّی نوێی خوێندن (سالّی ١٣٩٠ ـ ١٣٩١) و کرانەوەی زانکۆکان و قوتابخانەکان و سەرجەم ناوەندەکانی فێرکردن، بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەین.

جارێکی دیکە دیمەنی کۆمەڵ و وڵات، بە جوانی و جووڵەی گەڕانەوەی قوتابیان، خوێندکاران، فێرکاران و مامۆستایان بۆ خوێندنگەکان و ناوەندەکانی فێرکردن و پێگەیاندن، ڕازایەوە. سەرلەنوێ بە میلیۆنان ئۆگری ڕووناکی و زانست و بەرەوپێشچوون، لە خوێندنگەکان و زانکۆکان دا پێک گەیشتنەوە تا سالێکی نوێ لە فێربوون و فێرکردن، جووڵە و ڕاپەڕ و هەنگاونان بۆ پێشەوە، پێکەوە تێپەڕ بکەن.

ئەمساڵ، لە ئێرانی ژێردەستی کۆماری ئیسلامیدا، فێرکاران و قوتابیان، مامۆستایان و خوێندکاران لە هەلومەرجێک دا دەگەڕێنەوە خوێندنگەکان و زانکۆکان کە دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرست و سەرەڕۆی وڵات، کۆمەڵێک کۆسپ و بەربەستی تازەیان لە سەر ڕێی ئۆگران و تامەزرۆیانی فێربوون و زانست دا، پێک هێناوە. وەلانانی چەندین لق لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان و پشکدانان بۆ لقە جیاوازەکانی خوێندن بە مەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی کچانی خوێندکار و هەروەها لێک هەڵاواردنی کوڕان و کچانی خوێندکار، لەو بڕیارانەن کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە سالّی نوێی خوێندن دا جێبەجێیان دەکەن. سالّی نوێی



خوێندن لە کاتێک دا دەست پێ دەکا کە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان و خوێندکارانی ئازادیخواز و فێرکاران و قوتابیانی دەنگ هەڵبڕیو دژی ستەم و بێداری، لە سالێ ڕابردوودا یا کەوتنە بەندیخانە، یا لە خوێندن و لە سەر کاری خۆیان وەلا نران. هەمووی ئەو نموونە جۆراوجۆرانەی دژایەتیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زانکۆ و قوتابخانە و تامەزرۆیانی زانست و فێربوون و فێرکردن، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرن کە ڕێژیمی تاریکی پەرست و جەهل و خورافەی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتدارە کۆنەپەرست و سەرەڕۆکانی، جێگە و پێگەیەک بۆ خۆیان لە نێو نەوەی نوێ و میلیۆنان زانستخوازی وڵات دا بەدی ناکەن. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، زانکۆکانی ئێران و مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆ ڕۆڵێکی پێشەنگ و هەر لەو کاتەدا کۆڵنەدەرانەیان لە دژایەتیی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری و هاوپێوەندی لەگەڵ بزووتنەوە و حەرەکەتە ئیعترازییە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی وڵاتەکەیاندا هەبووە. ئەو تاوانانەی لە ١٨ی پووشپەڕی بە ناوبانگەوە تا ئێستا لەلایەن دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی و بە پشتیوانیی ڕێبەری ئەو ڕێژیمە لە نێو زانکۆکاندا و لە دژی مامۆستایان و خوێندکارانی خۆڕاگرەوە بەڕێوەچوون، گۆشەیەک لە ترس و هەر لەو کاتەدا ڕقی ئەو ڕێژیمە لە زانکۆکان و خوێندکاران، پێشان دەدەن.

بەڵام بە خۆشییەوە، خەبات و بەربەرەکانێ لە سەنگەری خوێندن و فێربوون و لە نێو زانکۆکان و خوێندنگەکاندا، دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری، سەرەڕای هەموو پیلان و تاوانەکان، هەروا بەردەوامە و هەر بەردەوامیش دەمێنێ. چونکە زانستخوازان و نەسلی لاوی ئەمڕۆی ئێران بە چاوی خۆیان دەیبینن کە دیکتاتۆرەکانی ناوچە، لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵک و بەتایبەتی لاوانی خوازیاری ئازادی و ژیانێکی سەردەمیانەدا، جگە لە بە چۆکداهاتن و شکست، چارەیەکی دیکەیان نییە.

**مامۆستایان! فێرکاران! خوێندکاران و قوتابیان!**

ئێمە لە سالّی نوێی خوێندن دا، وێڕای بە ئاواتخواستنی سەرکەوتنتان لە ئەرکی پیرۆزی فێرکردن و فێربووندا، بەشداریی چالاکانەتان لە جموجۆلی ئیعترازی و شێوە جۆراوجۆرەکانی بەربەرەکانێ لەگەڵ سیاسەت و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی لە بواری خوێندن و فێربوون دا، بە ئاوات دەخوازین. هەر لەو کاتەشدا داوامان لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ ئەوەیە، لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گوشار و سەرکوت و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی دا، پشتیوان و هاوخەباتیان بن!

بە هیوای سەرکەوتنی ئێوە لە سالّی نوێی خوێندندا و بە ئاواتی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران و بە بەشداریی چالاکانەی ئێوە و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**ناوەندی ڕاگەیاندن**
**٣ی ڕەزبەری ١٣٩٠**

**بەیاننامە:**

# (تیرۆری مەشعەل تەمۆ مەحکووم دەکەین)

هەواڵی تیرۆرکرانی مەشعەل تەمۆ لە ڕێبەران و تێکۆشەرانی ناسراوی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و بە شوێن ئەودا، کوژران و بریندار بوونی چەند کەس لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی ئەو شەهیدەدا، بووەتە مایەی خەم و پەژارەی هەموو ئازادیخوازان و بە تایبەت خەڵک و تێکۆشەرانی کورد لە هەر جێگایەک. ئەم کردەوە دڕندانەیەی دەزگای سەرکوت و تیرۆری حیزبی بەعسی سووریە لە هەمان کاتدا بووەتە هۆی نارەزایەتییەکی بەرینی نێودەوڵەتییش و زۆر لە وڵاتانی جیهان، لە نێویان دا ئەمریکاو یەکیەتیی ئوروپا.

بێگومان شەهیدکرانی مەشعەل تەمۆ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەورە گرنگەی لە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژئاوای کوردستان و ڕاپەڕینی ئێستای خەڵکی سووریە لە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی بنەماڵەی ئەسەدو حیزبی بەعس دا هەیبوو، بە خەسارو زەبرێکی بەژان دەژمێردرێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە خەڵکی ڕاپەڕیوی سووریە بە کورد و عەرەبەوە بەم زەبرانە بە چۆک دابێن. ئەو خۆپێشاندانە بەرینە جەماوەرییەی بۆ نارەزایەتی نیشاندان لە تیرۆری مەشعەل تەمۆ شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی سووریەی گرتۆتەوە، لە لایەک نیشانەی پێگە و دەوری بەرچاوی نەمر مەشعەل تەمۆ لە گۆڕەپانی سیاسیی سووریە دایە، لە لایەکی دیکەش دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە ڕۆڵەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئازادیخوازانی سووریە بە شەهیدبوونی مەشعەلەکان لە برینی ڕێگای خەبات شێلگیرتر دەبن.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانەی دەسەڵاتدارانی سووریەو دەربڕینی ئەوپەڕی داخ و پەژارەی خۆی بۆ شەهیدکرانی ئەم سیمای ناسراوو خەباتکارەی ڕۆژئاوای کوردستان، پرسەو سەرەخۆشی لە خەڵکی کوردستان، ڕەوتی موستەقبەلی کوردو بە تایبەت بنەماڵەو کەسوکاری مەشعەل تەمۆ و شەهیدانی ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی ئەم شەهیدە و سەرجەم شەهیدانی ڕاپەڕینی گەلانی سووریە دەکا.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٦/ ١٣٩٠/٧**
**٢٠١١/١٠/٨**

**درێژەی هەواڵ و ڕاپۆرت:**

## بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی حدک لە ئاڵمان لە سمینارێکی تایبەت بە کوشتاری گیراوانی سالّی ١٣٦٧ی هەتاوی

ڕۆژی شەممە ٢ ی ڕەزبەر هەیئەتێکی کومیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە هاوڕێیان محەمەد شاروێرانی، ئومید فەیزی و خالەق شەریفی، لە سمینارێکی تایبەت بە ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانیە سیاسییەکانی سالّی ١٣٦٧ هەتاوی بەشداریان کرد کە لە شاری هامبورگ و بە بەشداری زیاتر لە ١٢ حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی و ئێرانی ڕێکخرابوو.

سەرەتای سمینارەکە بە بڵاو کردنەوەی فیلمێک لە سەر جینایەتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی دەیەی ٦٠ دەستی پێ کرد. پاشان نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە بەشداربووەکان پەیامی خۆیان خوێندەوە و هەر لەو بڕگەیە دا پەیامی کومیتەی ئاڵمانی حدک لە لایەن هاوڕێ خالق شەریفی،یەوە پێشکەش کرا.

## تێکهەڵچوونی نێوان خەڵک و کاربەدەستانی ڕێژیم لە سەردەشت

ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ خەرمانان دوای کوژرانی کاسبکارێکی کورد بە ناوی ئاوات یووسفی لە نزیک ئاوایی سوورە چۆمی شاری سەردەشت خەڵکی وەزاڵە هاتووی ناوچەکە لە شوێنی ئەو ڕووداوە کۆ دەبنەوە و نارەزایەتیی خۆیان لە بەرامبەر ئەم جۆرە کردەوانەی هێزەکانی ڕێژیم دەردەبڕن.

هەواڵدەری کوردستان و کورد نیوز بڵاوی کردەوە کە بە مەبەستی بڵاوە پێکردنی خەڵکی ناڕازی دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە سەردەشت و هەروەها فەرماندار و جێگری فەرمانداری شاری سەردەشت دەسبەجێ دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە و لەم نێوەدا تێکهەڵچوون لە نێوان ئەوان و خەڵکدا ڕووی دەدا.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لە شایەتحاڵانی ڕووداوەکە بە دەستمان گەیشتووە لە ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونانەدا فەرمانداری سەردەشت لە ڕێگای ماشێنێکەوە خۆی لە شوێنی تێکهەڵچوونەکە دەرباز دەکا و جێگرەکەشی بریندار دەبێ.

شایانی باسە کە لەو تێکهەڵچوونانەدا هەروەها هیدایەتی بەرپرسی ئیتلاعاتی شاری سەردەشت بریندار دەبێ و ماشێنی ناوبرا کە سەمەندێک دەبێ لە لایەن خەڵکەوە دەسووتێندرێ، ناوبراو هەر ئێستا بۆ چارەسەری برینەکەی لە نەخۆشخانەی شاری ورمێ لە ژێر چاوەدێری پزیشکی دایە.

## ڕاگەیاندنی دوایین ئامارەکانی نەخۆشیی ئیدز لە ئێران

سەرۆکی ئیدارەی ئیدزی وەزارەتی تەندروستیی ئێران دەڵێ کە بە پێی ئەو ئامارانەی لە زانکۆکانی زانستیی پزیشکی و خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان کۆ کراونەتەوە، تا




ڕێکەوتی ١ی مانگی پووشپەڕی سالّی ١٣٩٠ لە سەر یەک ٢٣ هەزار و ١٢٥ کەس کە تووشی نە خۆشی ئیدز بوون لە ئێراندا ناسێندراون.

عەباس سەداقەت وێڕای ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە وتیشی کە سەدا ٩١ و نیوی ئەو ئامارە پیاوان پێکی دێنن و سەدا ٨ و نیویشی ژنان و تا ئێستاش ٣٠٥٤ کەسی تووشبوو بە ئیدز ناسێندراون و ٤٣١١ کەس لە کەسانی تووشبوو گیانی خۆیان لە دەست داوە.

ناوبراو هەروەها وتی کە سەدا ٤٦ ونیو لە کەسانی تووشبوون بە نەخۆشیی ئیدز لە نێوان تەمەنەکانی ٢٥ تا ٣٤ ساڵ ژیان دەکەن کە بەرزترین ڕێژەیان لە نێو گرووپەکانی تەمەنیدا بۆ خۆیان تەرخان کردوە.

سەرۆکی ئیدارەی ئیدزی وەزارەتی تەندروستی ئێران وتی کە ئەو هۆکارانەی کە لە ئێران بۆتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی ئیدز لە نێوان تەواوی ئەوانەی کە لە سالّی ٦٥ ەوە لە وڵاتدا تۆمار کراون بەم شێوەیەیە: تەزریق بە دەرزی هاوبەش لە نێو بە کار هێنەران(سەدا ٦٩,٨ )، پێوەندی جینسی(سەدا ١٠)، وەرگرتنی خوێن و بەرهەمەکانی خوێنی(سەدا ١,١ ) و ڕاگواستن لە دایکەوە بۆ منداڵ (٠,٨) و هەروەها ڕێگای ڕاگواستنی ئەو نەخۆشیە لە ١٨,٣ ئەو کەسانە تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە.

بە وتەی سەداقەت، لە بەراوردی ئەو ئامارانە لە گەڵ ئەوانەی کە تووشبوونیان لە سالّی ١٣٨٩ دا ڕوون ببۆوە، ئیعتیادی تەزریقی سەدا٦٦,٤، گرتنی پێوەندی جینسی سەدا٢١,١ و ڕاگواستن لە دایک بۆ منداڵ سەدا ٢,٥ ی پێک هێنابوو. لە سەدا ١٠ی ئەوانەی لە سالّی ٨٩ دا ناسێندرابوون ڕێگای گیرۆدەبوون ناڕوون بوو و هیچ تووشبوویەک لە ڕێگای خوێن و بەرهەمەکانی خوێنی گیرۆدەی ئیدز نەبۆتەوە.

درێژەی:

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی پێکهاتنی سێهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندییەوە

پلینۆم یەکگرتنی لایەنە سیاسییە کوردەکان و بەشداریی دیاری خەڵکی کورد لە سووریە لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی دا بە هەنگاوێکی گرنگ دانا و هیوای خواست ئەوان بە یەکگرتوویی و وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی، دەستکەوتی شیاو بۆخۆیان مسۆگەر بکەن.

پلینۆمی سێهەمی کۆمیتەی ناوەندی لەبارەی داوای سەربەخۆیی فەلەستینەوە، وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر هەڵوێستی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پشتیوانییە لە بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینییەکان لەپەنا دەوڵەتی ئیسرائیل، بە ئەرکی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و لایەنە پێوەندیدارەکانی زانی هاندەر و پشتیوانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی پێشوو بن بۆ ئەوەی نەک هەر جارێکی دیکە شەڕ وماڵوێرانی لە نێوانیان دا ڕوونەداتەوە، بەڵکوو ئاشتییەکی سەقامگیر بێتەدی.

**گەڕانەوەی نوێنەرانی کورد بۆ پارلمانی تورکیە**

سێهەم کۆبونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی، ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە تورکیەی لە چەند بارەوە خستە بەر سەرنج. پلینۆم وێڕای قامکدانان لەسەر زەقبوونەوەی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری ڕۆڵی سیاسی، دیپلۆماسی و ئابووریی تورکیە لە ناوچە و جیهانی ئیسلامیدا و وەپێشکەوتنەوەی لە کۆماری ئیسلامی وەکوو ڕقەبەرێک لە ناوچەدا، ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە پرسی کورد لەو وڵاتەی تاوتوێ کرد. کۆمیتەی ناوەندی، بڕیاری نوێنەرانی کورد بۆ گەڕانەوە بۆ نێو پارلمانی تورکیەی بە کارێکی دروست و موسبەت دانا و هەر لە ڕوانگەی بایەخدان بە چارەسەری پرسی کورد لە ڕێگای قانوونی و خەباتی پارلمانییەوە، تێکهەڵچوونەکان لە نێو خاکی تورکیەداو هێرشی هەوایی ئەم مانگانەی دوایی ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و بنکە و بارەگاکانی pkk ی بە زیانی ڕەوتی چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە تورکیە دانا.

**لەشکرکێشی و هێرشی تۆپخانەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆسەر سنوورەکانی هەرێم**

ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و کوردستان، تەوەرێکی دیکە لە باسە سیاسییەکانی پلینۆمی ئەمجارەی کۆمیتەی ناوەندییان پێک هێنابوو. لەشکرکێشی و هێرشی زەمینی و تۆپخانەیی سپای پاسداران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، ئامانجەکان و ئاکامەکانی ئەم هێرشانە، لە پلینۆم دا باسێکی تێر و تەسەلیان لەسەر کرا. پلینۆم وێڕای تەئییدی هەڵوێستی دەفتەری سیاسی و بەیاننامەکانی لەم بارەیەوە، مەیدانداری و بەدەستەوەگرتنی هەرچی زیاتری جڵەوی دەسەڵات لەنێوخۆی نیزام و، لە ڕێگای نیشاندانی هێز لە ئاستی نێوخۆ و ناوچەیی دا، بە ئامانجی سەرەکیی ئەم هێرشانەی سوپای پاسداران زانی. سوپای پاسداران بەم جۆرە مانۆڕانە دەیەوێ لەلایەک لە ململانێیەکانی نێوخۆی نیزام دا بەسەر هەموو کۆسپەکان و ڕقەبەرەکانیدا سەربکەوێ و لەلایەکی دیکەوە ئامادەیی خۆی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەگەرە جۆراوجۆرەکان بەتایبەتی لە حاڵەتی پەرەگرتنی گوشاری دەرەکی و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی خەڵکدا، بەرەوژوور ببا. هێنانی هێزی زۆری نیزامیی و ژیاندنەوەی کەشوهەوای میلیتاریستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرتن و ڕاوەدوونان و کوشتنی دانیشتووانی کوردستان لەژێر هاتوهەرای دابینکردنی ئەمنییەتی سنوورەکاندا، نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە کوردستان و بزووتنەوە لەمێژینەکەی و هێزە سیاسییەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە، هەوێنی نیگەرانیی جیددی و هەمیشەیی سەرانی کۆماری ئیسلامین.

**هەڵبژاردنی داهاتووی مەجلیس لە ئێران**

پلینۆمی سێهەمی کۆمیتەی ناوەندی، وێڕای تاوتوێ کردنی دووره دیمەنی گوشارە نێونەتەوەیی یەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بەردەوام بوون لەسەر بەرنامەی ناوکی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ئاورێکیشی لە ملبەملەی قۆڵەکانی کۆماری ئیسلامی دایەوە. کۆمیتەی ناوەندی، نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی داهاتووی نوێنەرانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی بە دەرفەتێک زانی بۆ توندتربوونی ململانێی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵات. پێشبینیی ئەوەش دەکرێت کە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەسەڵاتە لەنێوخۆی ئێرانیش، بە شوێن سەرکوتی خوێناویی نارەزایەتیدەربڕینەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە و پاوانکرانی سەرجەم بوارەکانی دەسەڵات، مانەوە و توندتر بوونی بەربەستەکانی خۆپاڵاوتن و بێ ئێعتیباریی دەزگا و دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە هەڵبژاردن، بکەنەوە بە هەوێنی هێنانەوە مەیدان و ڕیزبەندیی نوێ لەنێو خەڵک و لایەنە سیاسییەکاندا. کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی، بە بایەخ پێدانەوە چووە سەر بابەتی هەڵبژاردنی داهاتووی ئێران و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی حیزبی ئێمە و خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم دەرفەتە. پلینۆم، دەفتەری سیاسی بۆ بەدواداچوونی وردی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە هەڵبژاردنی داهاتوو و ڕاوێژ و بیروڕا گۆڕینەوە هەم لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و هەم لەگەڵ چالاکان و کەسایەتییە فەرهەنگی و مەدەنییەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاسپارد. داوای پلینۆم لە دەفتەری سیاسی ئەوە بوو بناغە و ماکەی هەڵوێستی حیزب، لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییە سیاسی و نەتەوەیی یەکانی خەڵکی کوردستان بە سەرنجدان بە هەلومەرجی دیموگرافیی ناوچەکان و ئەزموونەکانی پێشوو ، هەر وەها هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ قۆزتنەوەی ئەم دەرفەتە و نیشاندانی هەڵوێست و ئیرادە و ویستەکانی خۆیان بە کۆماری ئیسلامی بێت.

**هەڵسەنگاندنی کاردانەوەکانی بەیاننامەی ١٤ ی خەرمانانی دەفتەری سیاسی**

تەوەرێکی دیکەی باسە سیاسییەکانی پلینۆمی سێهەم بۆ هەڵسەنگاندنی کاردانەوەکانی بەیاننامەی ١٤ ی خەرمانانی دەفتەری سیاسی لەبارەی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی لیبییەوە، تەرخان کرا. لەو بایاننامەیەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای پێشوازی لە بڕیاری ١٧٩٣ ی ئەنجومەنی ئاسایش، داوای لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردبوو بە پشت بەستن بە ئەسڵی «بەرپرسایەتیی پارێزگاری»، مەترسیی گەلەکۆمەکیی دەوڵەتەکان و سەرکوتی دەسەڵاتەکان لەسەر نەتەوەی کورد لابەرن. ئەم داوایەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن هێندێک کەسایەتی و لایەنی ئێرانی بە «داوای جیابوونەوە» و «بانگهێشتی بێگانە بۆ داگیرکردنی ئێران» لێک درایەوە و لەو پێوەندییە دا هێندێک پرسیار و ڕەخنە بەرەوڕووی حیزبی ئێمە کرانەوە. پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە بایەخدانەوە هەم پێشوازیی و هەم ڕەخنە لە ناوەرۆکی بەیاننامەی حیزبی دێموکرات کوردستانی خستە بەر باس و ڕای سپارد ڕێبەری، ڕاگەیەنەکان و نوێنەرایەتییەکانی حیزب ئەم کاردانەوەیە بە دەرفەتێک بزانن بۆ دیالۆگ لەگەڵ هاونیشتمانانی ئێرانی سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی لە ئێران دا. لە لایەکەوە هەوڵ بدەن گومانەکان و بەدحاڵیبوونەکان برەوێننەوە، لە لایەکی دیکە سەرنجی هاونیشتمانان بۆ لای ئەرکەکانیان لەبارەی داکۆکی لە پرسی ڕەوای کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران ڕابکێشن.

**کۆمیتەی ناوەندی بە مافی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی زانی ئەم پرسیارە بەرەوڕووی ئەو بەشە لە هاونیشتمانە ئێرانییەکان و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بکەنەوە کە هۆی چییە پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە خەڵکی سووریە و فەلەستین و لیبی بەرەوا دەزانن و پشتیوانی و پێشوازیی لێ دەکەن، بەڵام داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە هاونیشتمانە کوردەکانی خۆیان و نەتەوەی کورد بە گشتی بە تاوان لە قەڵەم دەدەن؟!**

کۆمیتەی ناوەندی وێڕای باسکردنی تێبینییەکانی خۆیان لە سەر بەیاننامەکە، بە مافی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی زانی ئەم پرسیارە بەرەوڕووی ئەو بەشە لە هاونیشتمانە ئێرانییەکان و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بکەنەوە کە هۆی چییە پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە خەڵکی سووریە و فەلەستین و لیبی بەڕەوا دەزانن و پشتیوانی و پێشوازیی لێ دەکەن، بەڵام داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە هاونیشتمانە کوردەکانی خۆیان و نەتەوەی کورد بە گشتی بە تاوان لە قەڵەم دەدەن؟! هەر لە جێدا ئەوانەی دژی داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە کورد دەوەستنەوە، بە دژایەتی لەگەڵ هێرش و پەلاماری دەوڵەتان بۆ وێنە هێرشەکانی ئەمساڵی ئێران و تورکیە بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، یا بە نیشانەی هاوپێوەندی لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕۆژانە چەند ڕۆڵەیەکیان بە دەست هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەکوژرێن، چ هەڵوێستێکیان هەبووە؟ پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە پێڕەوی لە بڕیارەکانی کۆنگرەی پازدەیەم، وەجواب هاتنی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەسەر گەلانی ڕاپەڕیو و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان، لە کاتێکدا لەلایەن حکوومەتە دیکتاتۆرەکانەوە بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوت دەکرێن، بە هەنگاوێکی عادڵانە و مرۆڤدۆستانە زانی و هیوای دەربڕی لایەنە سیاسییەکان و هاونیشتمانانی ئێرانی کە لە درێژایی ٣٢ ساڵی ڕابردوو دا، خەڵکی کوردستانیان لە ڕیزی پێشەوەی خەبات دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و داواکردنی ئازادیٔ بۆ سەرانسەری ئێران دا دیتوە، لەجیاتی گومانخوڵقاندن و بردنە ژێر پرسیاری داوا و چاوەڕوانییەکی ڕەوا و ئینسانیی نەتەوەی کورد، ئەرکی هاونیشتمانەتی و برایانەی خۆیان لە پێوەندی لە گەڵ خەڵکی کوردستاندا جێبەجێ بکەن.

**گرنگیدان بە ئاساییکردنەوەی پێوەندیی «حدک» و «حدکا»**

پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی، لە بەشێکی دیکەی کارەکانیدا، چەند دانیشتنی کۆمیتەی ناوەندیی بۆ باس لە پێویستیی لێک نزیک بوونەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرنگیی هەنگاونان بە مەبەستی یەکگرتوویی و کاری هاوبەش لەنێوانیان دا تەرخان کرد.

لەم چوارچێوەیەدا و بە سەرنجدان بەو ڕاستییە کە ئاسایی کردنەوەی پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەتوانێ ڕێخۆشکەر و هاندەری هاوکاری لەنێوان سەرجەم حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ، پلینۆم ئەم دەقەی پەسند کرد:

«پلینۆمی سێهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبەر ڕووناکایی بارودۆخی ناوچە و هەستیار بوونی قۆناغی ئێستای خەبات ، هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی چاوەڕوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و داوای لایەنەکانی دۆست، پرسی هەنگاوناون بۆ پێکهێنانی کەشێکی سالم و دۆستانە و کردنەوەی دەرگای دیالۆگ لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان لە «حدکا»ی تاوتوێ کرد. لەم پێوەندییەدا پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی وێڕای پێداگری لەسەر زەروورەتی هەڵێنانەوەی هەنگاوی بەکردەوە لەپێناوی لێک نزیکبوونەوە ، لەو باوەڕەدا بوو کە سیاسەتی تا ئێستای ڕێبەرایەتیی حیزب لەو بوارەدا سیاسەتێکی دروست و ئوسوولی بووە و جیا لەوە کە لەگەڵ پێشوازیی دۆستان و بیروڕای گشتی بەرەوڕوو بووە، شوێنەواری موسبەتیشی هەبووە. لەسەر بناغەی ئەو سیاسەتە پلینۆم پێی وا بوو کە تا ئەو جێگایەی زەمینەی ئێستا و هەڵوێستەکانی لایەنی بەرامبەر ڕێگا دەدا پێویستە دەفتەری سیاسی هەوڵ بدا کە بیر لە ڕێکار و ئیبتکاری نوێ بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو هەوڵانەی لەپێناوی کرانەوەی دەرگای دیالۆگ لەنێوان دوو لایەندا لە ئارادان بە ئەنجامی دڵخواز بگەن. هەر لەو پێوەندییەدا، پلینۆم سەرنجی ڕێبەری ، ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە بۆ لای بەرپرسایەتییان لەمەڕ هەوڵدان بۆ هەڵگرتنی ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای ئاساییکردنەوەی پێوەندیی نێوان دوو لایەن ڕادەکێشێ ، بۆ ئەوەی بە هەوڵی هەموو لایەک بەستێنی گونجاو بۆ هاتنە دیی چاوەڕوانیی ئۆگرانی یەکبوونی دێموکراتەکان ، پێک بێ.»

**باس لە ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و پێشنووسی ئاییننامەکان**

سێهەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی باس لە میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی پازدەیەم و تاوتوێکردنی پێشنووسی ئاییننامەکانی کۆمیتە و کۆمیسیۆنەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندیی لە دەستووری کاری خۆی دا، دانابوو. لە پێوەندی لەگەڵ بڕیارەکانی کۆنگرەدا، پلینۆم وێڕای قامکدانان لەسەر ئەولەویەتەکان و دانی ڕێنوێنیی پێویست، دەفتەری سیاسی و ئۆرگانەکانی پێوەندیدار بە هەرکام لە بڕیارەکانی ڕاسپارد بەرنامە و پڕۆژەی خۆیان بۆ عەمەلی کردنی بڕیارەکان لە ماوەیەکی زەمانیی دیاریکراو دا ئامادە بکەن. هەر لەو بەشە لە کاری پلینۆمیش دا، گەڵاڵەی دەفتەری سیاسی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری کۆنگرە لە پێوەندی لەگەڵ تێکۆشانی حیزب لە ناوچەکانی سەروو و خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بە دوای باس و بیروڕا گۆڕینەوەی پێویست لەسەری، پەسند کرا. ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر پێشنووسی ئاییننامەکان، بەشداران سەرنج و تێبینییەکانیان لەبارەی هەر کامێکیان خستەڕوو و هەیئەتێکی تایبەتیان بۆ دوایین پێداچوونەوەیان دیاری کرد تا دواتر بە هاوفکری لەگەڵ دەفتەری سیاسی دوابڕیاریان لەسەر بدەن.

**باس لە گرفتەکان، کەم و کورتی و خاڵە لاوازەکانی نێوان دوو پلینۆم**

دوابەشی کاری پلینۆم، هەڵسەنگاندنی کارو تێکۆشانی کۆمیسیۆنەکان و کۆمیتەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی لە نێوان دوو پلینۆم دا و باس لە گرفتەکان، کەم و کورتی و خاڵە لاوازەکان لە هەر کام لە بوارەکاندا بوو. لەم بارەیەوە کۆمەڵێک ڕەخنە و پێشنیار و سەرنجی بەسوود خرانەڕوو کە دەفتەری سیاسی ڕاسپێردرا لە توێی بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی پلینۆم دا، بە ئاگاداریی کۆمیسیۆنەکان و کۆمیتەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندییان بگەیەنێ و بەدواداچوونی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان، بکا.

بەم جۆرە سێهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی، دوای چوار ڕۆژ کاری چڕوپڕ و ١٦ کۆبوونەوەی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب، کاتژمێر ٨ ی دوانیوەڕۆی هەینی، ١٥ ی ڕەزبەر، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٦ ی ڕەزبەری ١٣٩٠**
**٨ ی ئۆکتۆبری ٢٠١١**

# قسەکانی ئەمساڵی ئەحمەدی‌نژاد و خۆدزینەوەی لە بەهاری عەرەبی

مەسعوود ڕەواندوست

شە ست و شە شە مین کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕۆژی سێشەممە ٢٩ی خەرمانان دەستی بەکارەکانی کرد و مەحموود ئەحمەدی‌نژاد بۆ حەوتەمین جار وەک سەرۆک کۆماری ئێران لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو.

ئێستا دوای چەند ساڵ لە هاتنە سەرکاری ئەحمەدی‌نژاد وەک سەرۆک کۆماری ئێران، بۆ هەمووان دەرکەوتوە کە ناوبراوو قسەکانی لە هەموو ئەو ساڵانەدا یەکێک لە بابەتە سرنجڕاکێشەکانی کۆبوونەوە ساڵانەکانی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بوون و ئەو ئیدیعا و بابەتانەی ناوبراو وروووژاندوونی بوونەتە سووژەی ڕاگەیەنە گشتییەکانی جیهان و ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێرانی وڵاتانی جۆراوجۆر نەزەر و قسەکانی ناوبراویان لە ئاستێکی بەریندا بڵاوکردۆتەوە و داوەتە بەر سرنج.

ئەمساڵ ئەحمەدی‌نژاد لە سێهەم ڕۆژی کۆبوونەوەکان و کاتژمێر ٧/٥ی دوانیوەڕۆ بە کاتی تاران وتارەکەی لەبەردەم کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خوێندەوە. لەم وتارەدا ئاوڕێکی کورت لە بەشێک لە قسەکانی ناوبراو دەدەینەوە.

مەحموود ئەحمەدی‌نژاد لە سەرەتای قسەکانی‌دا هێرشی کردە سەر سیستەمی بەڕێوەبەریی جیهانی و ئەو سیستەمەی بە هۆکاری سەرکیی هەموو گیروگرفتەکانی مرۆڤ ناوبرد. ناوبراو ڕایگەیاند کە بەڕێوەبەریی جیهان پێویستی بە گۆڕانی بنەڕەتی هەیە. هەروەها گوتی هەموو نەتەوەکان لەم دۆخە ناڕازین.

ئەحمەدی‌نژاد لە کاتێکدا بەڕێوەبەرێتیی جیهانی دەباتە ژێر پرسیار کە بەڕێوەبەرێتیی خۆی و ڕێژیمەکەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئێران و سیستمی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتەی زۆر زیاتر لە پێشوو تووشی گرفت و قەیران کردوە و ئێستا نەک لە لایەن نەیاران و دژبەرانی ڕێژیمەوە بەڵکوو تەنانەت لە لایەن بناژۆخوازان و ئوسوولگەراکانی ڕێژیمیشەوە بە توندی کەوتۆتە ژێر پرسیار و، ڕەخنەی جیدیی لەسەرە و بە هۆکاری چەندهێندەتر بوونی کێشە و گرفتەکانی ئێران لە هەموو بوارەکان‌دا دەژمێردرێ.

ئەحمەدی‌نژاد لە درێژەی قسەکانی‌دا پێی لەسەر پێویستیی خۆشەویستیی یەکتر و سەداقەت لە قسە و کردار و هەروەها ئازادی و ئازادیخوازی و وەلانانی زوڵم و گەندەڵی و هەڵاواردن و ... کرد. ئەحمەدی‌نژاد لە حاڵێکدا پێغەمبەرئاسا ئامۆژگاریی خەڵکی جیهان بە گشتی و ڕێبەرانی جیهان بە تایبەتی دەکا و پێ لەسەر سەداقەت لە قسە و کرداردا دادەگرێتەوە کە ناڕاستی و درۆکردنەکانی ناوبراو و ڕێژیمەکەی سنوورەکانی شەرم و حەیایان بەزاندوە وئەمڕۆ ئیتر درۆکانی ناوبراو لەگەڵ خەڵکی ئێران و جیهان بوونەتە دەستمایەی گاڵتە و پێکەنین.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانی‌دا بۆ جارێکی دیکە مەسەلەی هۆلۆکاستی بردە ژێر پرسیار و، لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی فەلەستین و ئیسرائیل تەنیا بە بەساختە زانینی مەسەلەی هۆلۆکاست قەناعەتی کرد و هیچ باسێکی لە داوای فەلەستینییەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی و هەڵوێستی ڕێژیمی تاران لەمبارەیەوە نەکرد. هەروەها لە درێژەدا وەک پیلانی دەوڵەتی ئامریکا بۆ ڕزگاربوون لە قەیرانەکان و دەست داگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست باسی لە ڕووداوی ١١ی سێپتامبر کرد و گوتی ئەگەر دەوڵەتی ئامریکا لە ئاشکرابوونی ناوی ئەو کەسانە نەدەترسا کە کارئاسانیان کردبوو بۆ فرۆکەکان کە هێرش بکەنە سەر تاقەرەکانی ڕێکخراوی ئابووریی جیهانی لە نیۆیۆرک، بۆچی بێن‌لادەنیان بێ دادگایی کردن کوشت و تەرمەکەیان لە دەریا هاویشت. بۆچی لە دادگایەک و لەبەرچاوی خەڵکی دنیا دادگاییتان نەدەکرد؟



ئەم قسانەی ئەحمەدی‌نژاد بووە هۆی ئەوەی نوێنەرانی ئامریکا و چەند وڵاتی ئورووپایی شوێنی دانیشتنەکە جێ‌بێڵن و هەروەک ساڵانی پێشوو بەشی زۆری کورسییەکانی شوێنی کۆبوونەوەکە چۆڵ بن.

ئەحمەدی‌نژاد لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بە هەژاری و نەداری لە جیهان‌دا کرد و ڕایگەیاند کە زیاتر لە ٣ میلیارد کەس لە دنیادا هەژارن و زیاتر لە یەک میلیارد کەس تەنانەت یەک ژەم خواردنیان لە ڕۆژدا نییە و ڕۆژانە ٢٢هەزار منداڵ بەهۆی هەژاری و برسییەتی‌یەوە دەمرن.

ناوبراو لە درێژەدا باسی لە بارودۆخی ئامریکا کرد و گوتی ٨٠ لەسەدی ئیمکانات و سامانی ئامریکا لە دەستی ١٠ لەسەدی خەڵکی ئامریکادایە و ٢٠ لەسەدیش لە دەستی ٩٠لەسەدەکەی دیکەدایە.

ئەحمەدی‌نژاد بە جۆرێک ئەم ئامارانەی دەخوێندەوە وەک ئەوەی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت و دەوڵەتەکەی ئەودا کە لەسەر دەریای نەوت هەڵکەوتووە و بە سەدان کانگە و کانزا و سامانی سروشتی دەوڵەمەندە، سامان و داهاتی وڵات بە یەکسانی و دادپەروەرانە و بە پێی عەدڵی ئیسلامی لە نێو خەڵکی وڵاتدا دابەش کراوە و شتێک بەناوی هەژاری و برسییەتی لە ئێران‌دا نامۆ و نەناسراوە. نابراو لەبیری کردوە کە زیاتر لە ٨٠ لەسەدی سامان و داهاتی ئێران لە دەستی کەمتر لە ١٠ لەسەدی خەڵکی وڵات و ئەویش وەفاداران و دەست و پێوەندەکانی باندی دەسەڵاتدایە.

ناوبراو لە حاڵێکدا بە گوڕو تینەوە باسی لە هەژاری و بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبەریی جیهانی دەکرد و سیستەمی بەڕێوەبەرێتیی دەبردە ژێر پرسیار، کە هەژاری و نەداری تەنگی بە زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران هەڵچنیوە و بێکاری و گرانی کە بەرهەمی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم و دزی و گەندەڵیی کاربەدەستانی ڕێژیمە، بڕستی لە خەڵکی ئێران بڕیوە و ڕێژیمی ئیسلامی و دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد لە جیاتی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ هەژاری و بێکاری و گرانی، لە لایەک خەریکی بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات بە ناردنی بۆ تیرۆریستان و وڵاتانی دیکەن و لە لایەکی دیکەوە کەوتوونەتە تاڵانی داهات و سامانی وڵات و ئاشکرابوونی دەیان نموونە دزی و گەندەڵی لە بەرپرسانی بەرزی ڕێژیم بووەتە شتێکی ئاسایی کە تازەترین و گەورەترینیان گەندەڵی ٣ میلیارد دۆلاریی بانکی ناوەندییە کە وێڕای نانەوەی هەرایەکی زۆر لە ئێران‌دا بووەتە پەروەندەیەکی زۆر ئاڵۆز و باڵەکانی نێو دەسەڵات خەریکن کەڵکی سیاسیی لێ‌وەردەگرن.

دیارە وێڕای ئەوەی کە ئەو شتانەی لەسەرەوە باسیان لێ‌کرا هەروەک شیکرانەوە جێگەی لێ‌وردبوونەوە و تێڕامانن، بەڵام خاڵی زۆر سرنجڕاکێش لە قسەکانی ئەمساڵی ئەحمەدی‌نژاددا خۆدزینەوەی ناوبراو لە گرنگترین ڕووداوی ئەمساڵە کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئافریقای گرتەوە و بە بەهاری عەرەبی ناوی دەرکردوە.

مەحموود ئەحمەدی‌نژاد لە حاڵێکدا کاتی قسەکانی زیاتر بە ئامۆژگاری و باسکردن لە ڕووداوە مێژووییەکان و داوەری کردن لەبارەی ڕابردوو تەرخان کردبوو، خۆی لە گرنگترین باسی ناوچە و جیهان کە ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتووی وڵاتانی ناوچە لەدژی ڕێژیمە دیکتاتۆر و سەرەڕۆیەکان بوو دزییەوە و نەچووە سەر باسکردن لە گرنگی و لایەنەکانی ئەم ڕووداوانە. لە کاتێکدا کە ئەو ڕاپەڕینانەی بە بەهاری عەرەبی ناسراون ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچە یەک لە دوای یەک دەرووخێنن و تۆماری دیکتاتۆر و سەرەڕۆیەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێک‌وەدەپێچن و مزگێنی‌دەری نەمانی دیکتاتۆری و سەرکەوتنی ئازادی و دیموکراسی و هیوابەخشی گەلانی زۆرلێکراو و بەشخوراوی ناوچەکەن و بوونەتە گرنگترین ڕووداوی ساڵ، ئەحمەدی‌نژاد وەک سەرۆک کۆماری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کە خۆی بە گەورەی جیهانی ئیسلام دەزانێ، بە هۆی مەترسی و هەڕەشەی ئەم ڕەوتە بۆسەر بناغەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی و هەروەها ڕەفتاری دڕندانە و سەرکوتکەرانەی ڕێژیم لەگەڵ خەڵکی ناڕازیی ئێران و سیاسەتی سەرلێشێواوانە و شکست خواردوی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم ڕووداوانەدا، خۆی لەم مەسەلە گرنگە دزییەوە بۆ ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دووفاقە و دژبەیەکی لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی بەرەوڕووی هیچ پرسیارێک نەکرێتەوە.

هەروەک گوترا قسەکانی ئەحمەدی‌نژاد لە کۆمەڵێک ئامۆژگاری و چەندین پرسیار لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی مێژوودا پێکهاتبوون و ناوبراو خۆی لە باسکردن لە مەسەلە گرنگەکانی وەک ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی لەدژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و هەروەها مەسەلەی داوای فەلەستینییەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی دزییەوە کە لە ڕاستی دا بەهۆی سیاسەتە دواکەوتوانەکانی ڕژیم لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکی ئێران و دنیادا و، سەرلێشێواویی دەزگای دیپلۆماسیی ئێران لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوەکانی ناوچەیە.

# هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆیەم، بناژۆخوازان و شەڕی مانەوە

مەحموود شەریفی

وەرگێڕان بۆ کوردی: ڕێبوار مەعروف زادە

دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە حکوومەترانی دا، لەگەڵ هەڵکشان و داکشانی جۆراوجۆر و قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکی یەکانی فراوان بەرەورو بۆتەوە. هەڵبژاردن لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی دا ئامرازێک بووە کە دەسەڵات بەردەوام هەوڵیداوە لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە پرستیژی دێموکرات بوونی خۆی لە کۆمەڵگای جیهانی بپارێزێ و لەگەڵ ئەوەشدا لە هەڵبژاردن وەک پێوەری هەڵسەنگاندی خۆدی و غەیرە خۆدی کەڵکی وەرگرتووە. لە ماوەی سەلانێکی زۆر هەموو کات لەگەڵ هەڵبژاردنی جۆراوجۆر بەشێک لە هێزەکانی سیاسی کۆمەڵگە بە ناوی غەیرە خۆدی لە گۆڕەپانی سیاسەت دەرهاوێژراون و زۆربەی کات بۆ هەتا هەتایە لە بەشدار بوون لە هەڵبژاردن بێ بەش کراون، دیارە هەندێک لە غەیرە خۆدی یەکانیش کە ژمارەیان زور کەم بووە بە گۆڕینی هەڵویست و نیشاندانی وەفاداری بە دەسەڵات توانیویانە بە هێندێک مەرج بۆ گورەپانی سیاسەت بگەرێنەوە. بۆشایی نە بوونی پارتی سەربەخۆی سیاسی لە نێوخۆی وڵات و نەبوونی پرۆڤەی دێموکراسی لە ئێراندا بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە خەڵک بە پۆل.......... بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن و بەشدارییەکی ڕێکخراو و ئامانجداریان نەبێ بەڵام لە هەندێک شوێن کە لەنێوان خەڵک و ڕەوتە سیاسییەکان لێکنزیکبوونەوەیەکی زیاتر بوونی هەبووە زۆربەی کات خەڵک هۆشیارانە و ئامانجدار بریاریان داوە مانادار بەشداربن یا بایکوتی هەڵبژاردن بکەن. لە ڕەوتی هەڵبژاردنی خۆلی دەیەمی سەرۆک کۆماری ڕووداوەکان پاش ئەو هەڵبژاردنە، دەسەڵات زیاتر لە جاران لە خەسارمەند بوونی خۆی لە ڕەوتی هەڵبژاردن بۆ دەرکەوت و بە بەرتەسک کردنەوەی بازنەی خۆدییەکان بەشی بەرچاو هێزی نێوخۆیی بە گرووپی غەیرە خۆدییەکان زیاد کرد. بە ئەگەری زۆر لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئەو بازنەیە بچووک و بچووکتر دەبێ. بە هەلوومەرجی ئێستا ئەگەر گۆڕانێکی تایبەت لە کاتی هەڵبژاردن ڕوونەدا بە ئەگەری زۆر گرووپی ناسراو بە ڕێفورمخوازان لە بەشداری کردنی پاڵێوراوەکانیان بێ بەش دەبن و تەنیا دەتوانن ڕۆڵی دەنگدەریان هەبێ. لە نەبوونی ڕێفورمخوازان لوژیکی هەڵبژاردنی خراپ لە خراپتر، خۆی لەخۆیدا لە کار دەکەوێت. بەم پێیە بەشێک لە ڕەوتە سیاسییەکان کە بە پشت بەستن بەو لۆژیکەوە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو ڕۆڵی پاڵپشتی کردنیان دەگێرا و خۆیان لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردن بێبەش بوون، لەمەوبەدوا هیچ هاندەر و پاساوێکیان بۆ بەشداریکردن وەک پاڵپشتی کردن نامێنێ. ئەو هۆکارانە وایکردوە کە هەڵبژاردنی داهاتوو شوێنی و یککەوتنی بناژووخۆازان بێ. لە سەرەتای دەستپێکردنی ناکۆکییەکان لە نێوان ئەحمەدینژاد و خامنەیی، شیمانەکان زۆرتر لە سەر ڕەواڵەتی بونی ئەو ڕووداوانە بوو بەڵام تێپەڕینی کات قووڵایی ئەو ناکۆکییانە بۆ هەمووان ئاشکرا بووە، چیدیکە گۆمان لە هەبوونی کەلێن لە دەسەڵات دانییە. ڕەوتی بناژۆخواز چیدیکە وەک ڕابردوو ڕەواڵەت ناپارێزن و لە ڕاستیدا دەستیان داوەتە هەڕەشەو گۆڕەشە کردن لە یەکتر. لە چەند مانگی ڕابردوو گرووپی بناژوخۆازی ڕادیکاڵ بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن دەستی داوەتە پێکهێنانی کۆمیتەو هاوئاهەنگی کردن، ئەو گرووپە بە پێکهێنانی بەرەی بناژوخوازانی یەکگرتوو بە ڕێبەری مەهدەوی کەنی (ڕێبەری مەجلیسی خبرێگان) ڕێزەکانی خۆی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕکابەری خۆی واتە ئەحمەدی نژاد دیاری کردوە. لەو بەرەیەدا دۆستانی خامنەیی و ئەو تیپەی کە بە هۆی کێشەی ئەحمەدی نژاد لەگەڵ خامنەیی، لە سەر کۆمار دوور کەوتوونەتەوە دەبینرێن.ئەو بەرەیە و دەیانەوێ بەشێوازێکی ڕێکوپێک و هاوئاهەنگی لە هەڵبژاردن بەشدار بن. بوونی کەسانێکی وەک عەلی لاریجانی سەرۆکی پارلەمان و سەردار قالیباف شارەوانی تاران لە بەرەی بناژوخۆازانی یەکگرتوودا تارادەیاک نیشاندەری ئەوەیە کە ئەوکەسانە هەلویستێکی هێمن تر لە خۆیان نیشان بدەن و بە هەوڵدان بۆ بەستێنخوڵقێنیی بەشداریی ڕەوتەکانی نزیک لە ڕەفسەنجانی هەروەها گرووپی ناسراو بە ڕێفورمخوازانی زەرد، تەواو هەوڵی خۆیان بۆ لاواز کردنی ئەحمەدی نژاد و لایەنگرانی بخەنە گەڕ. بەرەی بناژۆخوازانی یەکگرتوو لە حەوتووەکانی ڕابردوودا هەوڵی داوە بە گرتنە بەری سیاسەتی لەقاودان لە هەمبەر دۆسیەی گەورەترین ئیختلاسی بانکداری لە مێژووی ئێراندا ، بە کردەوە بوونی دروشمە پۆپۆلیستییەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری گورزێکی کوشەندەی لە قەوارە و پێگەی نێونەتەوەیی ڕێژیم داوە کەوایە لەو هەڵبژاردنەدا بە ڕاکێشانی خەڵک بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردن هەوڵی قەرەبوو کردنەوە و ڕەواییەکەی هەیە. لە لایەکی دیکە کەلێنەکانی نێو دەسەڵات بە ئەوپەری خۆی گەییشتەوە و ڕێژیمی لەگەڵ ناسەقامگیری بەرەوروو کردەوە. بەشداریی هۆشیارانە و ئامانجداری ڕەوتەکانی دژبەری رژیم لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەتوانێ ئەو هەڵبژاردنە بکاتە گەورەترین قەیران بۆ دەسەڵات. بەشداریی لە پرۆسەی هەڵبژاردن تەنیا بە واتای دەنگدان لە سندووقەکان لە ژووری هەڵبژاردن نیەو دەتوانێ بە هەبوونی پلان لە ڕەوتی هەڵبژاردندا (قوناغی ناونووسی، قۆناغی دوای پەسند بوون، حەوتووی پروپاگەندە، دوای ڕاگەیاندنی دەنگەکان) بێت.

# هەڵۆیستەیەک لەسەر بیروبۆچوونەکانی د. شەڕەفکەندی

قادر وریا

## شەرەفکەندی، تێکۆشەر و رووناکبیرێکی نەتەوەیی

د.سادق شەرەفکەندی، لە ژێر سەرپەرستیی براگەورەکەی، شاعیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر مامۆستا هەژار دا، پەروەردە ببوو. هەر لە منداڵییەوە خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان، بە هۆی شێعر و رێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی ئەو برایەی تێکەڵ بە هەست و بیری ببوو.

هاوینی ١٣٥٩، کە لە «یەنگیجە«ی نزیک سەردەرابات لە گەڵ ژمارەکی زۆر لە لاوە دیموکراتەکانی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بەشداری دەورەیەکی سیاسی نیزامی بووین، د.شەرەفکەندی کە بۆ خۆی خەڵکی ئەو دەوروبەرە بوو، سەرپەرستیی ئەو دەورەیەی دەکرد. رۆژێک لە خزمەتی دا، بەو دۆڵ و دەرەیەی ئەوێدا بەرەوژوور، بەرەو «کانیەرەش» رۆیشتین. لە ریگایەدا هێندیک لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیی خۆی بۆ گێڕاینەوە. باسی رۆژانی جێژن و وەدەرکەوتن لە گوند لە گەڵ مندالانی دیکە و شێعری تایبەت بە منداڵان و ئامۆژگارییەکانی مامۆستا هەژاری بۆ کردین. بۆی باس کردین کە چۆن هەژار هانی دەدان نیشتمانی خۆیان خۆش بوێ و دواتریش کە گەورە بوو هەر لە ژێر کاریگەریی ئەو وتانەی هەژاری براگەورەی دا بووە. بۆیە کاتێکیش رووی کردە کاری سیاسی و کۆڕی تێکۆشان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەک حیزبی خۆی هەڵبژارد، چونکە ئەو حیزبە هەڵگری داوای نەتەوەیی بوو.

د.شەرەفکەندی پێی وابوو پرسی چینایەتی، بروا بە هیومانیزم (انساندوستی) و ململانێی بەرەی سوسیالیزم و ئیمپریالیزم، کە هەموویانی لە جێی خۆیاندا بە لەوە گرنگ بوون، هیچیان لە سەرووی پرسی نەتەوەیی نین. نابێ بۆ هیچکامیان مەسەلەی نەتەوەیی وەلا بنێ.

لەو وتووێژانەدا کەلەگەڵ «کشتگر»و بڵاوکراوەکانی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی دا کردوونی، زۆر بە توندی داکۆکی لە پرسی نەتەوەیی و پێویستیی دابینکردنی مافی نەتەوەکان لە ئێراندا دەکا و توندی دژی هێندێک بۆچوون دەوەستێتەوە کە ئینکاری هەبوونی پرسی نەتەوەیی و فرە نەتەوە بوونی ئێران دەکەن.

ئەو، بە دروستی پیی وابوو ماهییەتی خەباتی خەڵکی کوردستان نەتەوەیی یە نەک چینایەتی. لەو وتارانەدا کە وەک وڵامدانەوە بە هێرشەکانی حیزبی کۆمونیستی ئێران و کۆمەڵە بۆ سەر حیزبی دیموکرات نووسیونی، کە دێتە سەر باسی ناکۆکییە سیاسییەکانی ئەو کات ، زۆر بە شێوەیەکی زانستی باسی تەرکیبی چینایەتیی خەڵکی کوردستان دەکا و بە بەڵگە و ئیستیدلالی بە هێز دەیسەلمێنێ کە بزووتنەوەی کوردستان بزووتنەوەیەکی نەتەوەیییە و لە قۆناغی ئێستا دا بە شوێن دابینکردنی ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی یەوەیە، نەک چینایەتی.

ئەو کاتەی بە شوێن نەمانی یەکیەتیی سۆڤیەتی و ئاڵوگۆڕەکانی جیهان لە دوا دەیەکانی سەدەی بیستەمدا، کۆمارە نەتەوەییەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، چێک و سلۆڤاکی، وەک دوو نەتەوە و دوو وڵات لێک جیا بوونەوە، نەتەوەکانی نێو یۆگۆسلاویی پێشوو،هەر کام بۆ جیابوونەوە و راگەیاندنی سەربەخۆیی و پێکهێنانی کیانی نەتەوەیی خۆیان هەنگاویان نا، لە نووسینەکان و لە وتووێژەکایندا ، گرنگیی زۆری پێدان، وەک رەوتی رزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەکان، ناوی بردن وپێیان خۆشحاڵ و گەشبین بوو، ئەمەی بە سەرەتا و مۆژدەیەک بۆ رزگاریی نەتەوە بندەستەکانی دیکە زانی.

نەورۆزی ١٩٩١(١٣٧٠) کە راپەرینی خەڵکی باشووری کوردستان بە رزگاریی کەرکوک گەیشتە چڵەپۆپە، ئەم رووداوە کە لە باری نەتەوەییەوە، گرنگی و بایەخێکی تایبەتیی هەبوو، بە رادەییەک بووە هۆی خۆشحاڵیی ئەو کەسایەتییە کە هاتە نێوشایی و هەڵپەرکێیەک کە کادر و پێشمەرگەکان بەم بۆنەوە لە بنکەی دەفتەری سیاسی پێکیان هێنابوو و وێڕای ئەوان بەو بۆنەوە هەڵپەڕی و شادیی کرد.

ئەگەر سەیری وتار و نووسینەکانی لە بارەی فەلەستینەوە بکەین، لەو مەیدانەشدا، گرنگیدانی بە مەسەلەی نەتەوایەتی و بە رەوا و پیرۆز زانینی خەباتی نەتەوەیی و راوەستان لە بەرامبەر داگیرکەران و بەرزنرخاندنی خەبات و قوربانیدان لەم رێگایەدا، بە راشکاوی و با باشترین شێوە بەدی دەکەین.

## چەپ بەڵام چەپێکی نەتەوەیی و دیموکرات

نووسین و وتووێژەکانی د.شەرەفکەندی، ئاوێنەیەکن کە دەتوانین باوەڕکانی ئەو رێبەرە شەهیدە لە بارەی سۆسیالیزم و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان زۆر بە روونی تیدا ببینین. ئەو، داکۆکیی لە سوسیالیزم، وەک سیستمێکی ئابووری_ کۆمەڵایەتی دەکرد، چونکە دەیتوانی مەودای نێوان چینەکان کەم کاتەوە. نەک هەر لە ئاستی کوردستان و ئێران، بەڵکوو لە رادەی دنیاشدا دژایەتی لەگەڵ چەوسانەوەی چینایەتی و نابەرابەریی کۆمەڵایەتی دەکرد. لەم بارەیەشەوە، روانینێکی جیهانیی هەبوو و لە لێکدانەوەی مەسەلە نێونەتەوەییەکان و ئاڵوگۆڕە جیهانییەکاندا، بایەخێکی تایبەتیی دەدا بە گرنگیی مەودای چینایەتی و دابەشبوونی ناعادلانەی سامان و رۆڵیان لە گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئاسوودەیی ژیان، ئەوەندە بەلای د. شەرەفکەندییەوە گرینگ بوون کە لە نەبوونیان دا هەم دیموکراسی، هەم ئاشتیی جیهانیی بە ناتەواو و ناسەقامگیر دەزانی. لەم بارەیەوە لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەم، کە بۆ خۆی وەک سکرتێری گشتیی حیزب نووسیویە و ئامادەی کردوە، دەڵێ:

«...ئاشتی و هێمنایەتی لە سەرانسەری جیهان ئاواتێکی پیرۆزن. بەلام شەڕ و ئاشتی لەسەر مەیل و داخوازی یەک یا چەند حکوومەتی گەورە و بەهێز یا دوو بەرەی جیاواز پێک نایەن. ئەم شتانە لە ئەسڵ دا بەرهەمی رازی بوون یان نەبوون و هەست بە بەختەوەری کردن یا نەکردنی ئەفراد



ئینسانی و گەلانی ئەم دنیایەن نەک ئاکامی پێکهاتن یا نەهاتنی دوو یا چەند دەوڵەت و حکوومەت. هەتا ئەوکاتەی ناعەدالەتیی جۆراوجۆری سیاسی و ئابووری لە دنیادا بمێنێ، هەتا ئەوکاتەی چەوساندنەوە بە شێوەی رەنگاورەنگ درێژەی هەبێ و تا ئەوکاتەی مەودایەکی زۆری هەژاری و بێ دەرەتانی لە لایەک و دەوڵەمەندی و زیادەخوازی لە لایەکی دیکە لیک جیا بکاتەوە دیارە ئاژاوە و شەڕە و کێشەش هەر سەر هەڵدەدا...»

**«تا کاتێک زوڵم و زۆر هەبێ، تا کاتێک چەوساندنەوەی جۆربەجۆری چینایەتی، نەژادی، نەتەوەیی، مەزهەبی و جینسی باو بێ، تا کاتێک دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە لایەک و یەخسیری و کۆیلەتی و دیلی و ژێر چەپۆکی و هەژاری لە لایەکی دیکە لە گۆڕێ دابێ، شەڕ و ناکۆکی هەر دەبێ و هەر دەشبێ ببێ. چەوسێنەر و زاڵم و سەرەڕۆ هیچکات بە مەیلی خۆیان دەست لە چەوساندنەوە و زوڵم و دیکتاتۆری هەڵ ناگرن**

زۆر لە لاپەڕەکانی دیکەی راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەم پڕن لە داکۆکی لە سۆسیالیزم و باس لە نابەرابەریی کۆمەڵایەتی و مەودای زۆری نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی لە جیهان دا کە وەک مەترسی بۆ سەر ئاشتیی جیهانی و دیموکراسی سەیریان کراوە. هەر لەو راپۆرتەدا لە سەر کاریگەریی نەبوونی و خراپیی ژیان و بەرێچوون لەسەر دیموکراسی دەڵێ:

«دیموکراسی دیارە بۆ ژیانی کۆمەڵگەی ئینسانی وەک هەوا وایە، بەڵام ئینسان تەنیا بە هەوا ناژی و نان و ئاویشی دەوێ.» (پاشان ئاماژە بە وڵاتانی ئامریکای لاتین دەکا کە ١٠ساڵێکە دێموکراسی لە نێویان دا جێگیر بووە، بەڵام هەنگاو بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان نەنراوە، دوایە نەتیجە دەگرێ): «...دێموکراسی هەرچەند مەرجێکی زۆر پێویست بۆ ژیانی بەختەوەرانەی نینسانە، بەڵام تەنیا مەرج نییە و دێموکراسیی سیاسی بە بێ دێموکراسیی ئابووری و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی چ لە یەک وڵات و چ لە رادەی جیهانی دا ناتوانێ هەموو بۆشایی یەکانی ژیان پڕ بکاتەوە.»

## جێگای دیموکراسی لە باوەڕەکانی د. شەڕەفکەندیدا

د. شەڕەفکەندی دێمۆکراسیی بەم جۆرە پێناسە کردوە : «دێموکراسی» یانی پێکهاتنی فەزایەک کە لەودا هەر کەس هەست بەوە بکا کە دەتوانێ لە بارەی ژیان و چارەنووسی خۆی و وڵاتەکەی بە ئازادی نەزەر بدا و، بزانێ کە نەزەر و هەڵوێستەکانی لە بەڕێوەچوونی کاروباری وڵاتەکەی دا جێگا و شوێنیان هەیە و حیسابیان لەسەر دەکرێ.» (راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەم)

لەم پێناسەیە دا دەبینین د.شەرەفکەندی لە مەنزەر یا روانگەی نەتەوەیەکی بندەستەوە، سەیری دیموکراسی دەکا. ئەو، لە زۆر نووسین و بۆنەی دیکەدا لە روانگەی نەتەوەییەوە بۆ دێمۆکراسی دەروانێ و دەیەوێ دێمۆکراسی، وڵامدەری نیاز و چاوەڕوانییە نەتەوەییەکانیش بێ.

لە تێگەیشتنی د. شەڕەفکەندی دا، دێموکراسی ئەگەر بە رەسمی ناسینی ئازادی و هۆوییەتی تاک بێ، دەبێ دانـنان بە مافەکانی نەتەوەیەکیشی تێدا بێ:

«ئەگەر ئینکاری هۆوییەت و شەخسییەتی تایبەتیی تاقە فەردێک کارێکی غەیرە واقعی بێ، روونە کە ئینکاری هۆوییەت و شەخسییەتی تایبەتیی کۆمەڵێک ئەفرادیش کە گەل و نەتەوە پێک دێنن تا چ ئەندازە غەیرە واقعی یە. »

هەر وەها لە نێوان دێموکراسی و «عدم تمرکز» و مەسەلەی نەتەوایەتیدا، بە قازانجی مەسەلە رەواکەی نەتەوەکەی پێوەندی دروست دەکا وپێێ وایە خودموختاری یا مافی نەتەوەیی لە راستیدا دەبێ شکڵی پیادەکراوی ئەو دێموکراسییە بێ کە لە وڵات دا هەیە. هەر وەها بە دروستی وای بیر دەکردەوە کە ئەو مافە نەتەوەییە کە گەلان لە وڵاتێکی وەک ئێران دا دەیانبێ، دەبێتە دەستەبەری دێموکراسی ، دەبێتە هۆی کۆنەبوونەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە مەرکەز.

د.شەرەفکەندی لە نێوان دێموکراسی و چالاکبوونی کۆمەڵ، لە نێوان دیموکراسی و پێشکەوتنی ئابووریی کۆمەڵ، لە نێوان سەربەخۆیی سیاسیی وڵات و دیموکراسی دا، پێوەندیی دەدیت و سەرنجی تێکۆشەرانی حیزبەکەی و لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی بۆ رادەکێشان. ئەو پێی وابوو لە حکوومەتی دیکتاتۆری دا خەڵک خۆی لە حکوومەت بە جیا دەزانێ و دڵخۆشییەکی بە نەقش و جێگای تایبەتیی خۆی لە کاروباری وڵات دا نییە، بۆیە کار کردن و بەرهەمهێنان بۆوان وەک بیگاری لێ دێ (نموونە وڵاتانی سۆسیالیستیی ئەو سەردەم، هەر وەها ئێران، کە خەڵکەکەیان لە دیموکراسی بێبەشن) بەڵام لە دێموکراسی و سیستەمی دیموکراتیک دا خەڵک دەسەڵات بە هی خۆیان دەزانن و بە عەلاقەوە لە کاروباری کۆمەڵ دا بەشداری دەکەن:

«بەستراوەیی» ئاکامی بێ ئەملاو ئەولای دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی یە. تەنانەت لە باری ئابوورییشەوە . هەر وەک گوتمان «خودکفایی» مانایەکی روونی نییە، ئەوە دێموکراسی یە کە نەخشی هەرە کاریگەر دەگێڕێ. وڵاتێک ناتوانێ خۆ لە پێوەندیی ئابووریی لەگەڵ وڵاتانی دیکە ببوێرێ. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییە نەبێتە بەستراوەیی، پێویستە کە خەڵکی وڵات لە کاروباری ئابووری و بەرهەمهێنان دا چالاکانە و دڵسۆزانە بەشداری بکەن. ئەمەش وەدی نایە مەگەر لە سایەی دێموکراسییەوە، یانی کاتێک کە خەڵک حکوومەت بە هەڵبژاردە و نوێنەری خۆیان بزانن و هەست بە کاریگەربوونی بەشداریی خۆیان لە کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات دا بکەن.» (راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەم)

## بوێر بوون لە رەخنەگرتن و ئازایەتی لە داواکردنی گۆڕاندا:

رازی نەبوون بە وەزعی مەوجوود و نەزمی مەوجوود و پێناسەکانی سەردەم، یەکێک لەو تایبەتمەندییە بەرزانەی د.شەرەفکەندیین کە کاریگەریی زۆریان لە سەر بیر و باوەرەکانی و لە سەر هەڵوێست و کەسایەتیی خەباتگێڕانەی هەبووە. با ئاماژە بە درەوشانەوەی ئەو تایبەتمەندییەی لە نێو هێندێک هەڵوێست و روانینەکانیدا بکەم.

د.شەرەفکەندیی نەمر، لایەنگری سۆسیالیزم بوو و سەرسەختانە داکۆکی لە بیروباوەڕی سوسیالیستی دەکرد، بەڵام رەخنەگری سیستەمی سیاسیی وڵاتانی سۆسیالیستی بوو، بوێرانە رەخنەی لەو شتانە دەگرت کەبە ناوی سۆسیالیزمەوە دەکران.

لە وتاری «رابردوو و دوارۆژی ئەفغانستان» (١٣٦٧)دا دەڵێ: « ئەمە چ سۆسیالیزمێکە کە لە ترسی ئیمپریالیزم دەبێ بە زۆر و لە رێگای دامەزراندنی دیکتاتۆرییەکی ئاشکرای نیزامییەوە دیفاعی لێ بکرێ، نەک بە پشتیوانیی رەوابوون و حەقانییەتێک کە لە جەوهەری خۆیدا هەیەتی؟»

هەر وەها ئەو کاتەی وڵاتانی سۆسیالیستی نەمان و سیستەمە سۆسیالیستییەکان رووخان، ئەوەی وەک ئاکامی خراپیی سیستەمی سیاسی وبەتاڵبوونیان لە دیموکراسی سەیر کرد نەک وەک نیشانەی خراپیی سوسیالیزم، و بە هەمان راشکاویی جارانەوە دیفاعی لە سوسیالیزم دەکرد.

نموونەیەکی دیکە لەم تایبەتمەندییەی ئەوە بوو ، تەسلیمی روانین و بیرکردنەوە و پێناسەی دەوڵەتان و هێزە گەورەکان نەدەبوو. لە روانگەی خۆی و بەرژەوەندی بزووتنەوە و نەتەوەکەی خۆیەوە سەیری دنیای دەکرد. چەمکە جۆراوجۆرەکانی لە روانگەی سیاسی و خەباتگێڕی نەتەوەیەکی بندەستەوە پێناسە دەکرد. لە وتارێک لە ژێر سەردێڕی «تیرۆریزم بە چی دەڵێن»دا، بەم جۆرە روانینی دەوڵەتان و رێژیمە زۆردارەکان لە بارەی تیرۆریزمەوە رەت دەکاتەوە :

«زۆر داران بە کەیفی خۆیان هەرچی بە زەرەریان و دژی

ل ٦

# پەیامی فەڵەستین: گۆڕینی یاساکانی مودیریەتی جیهانی لە پێناو گەشەی دادپەروەری دا

ڕێبوار مەعروف زادە

سەرکەوتووانی شەڕی یەکەمی جیهانی دوا بە دوای ڕووخانی ئیمپراتوری عوسمانی دەستیان دایە دابەشکردنی ناوچەی حوکمڕانیی عوسمانییەکان. لە ئاکامی ئەم دابەشکردنەدا خاوەنداریێتی فەڵەستین وەک پشکی بریتانیا دیاری کرا. بریتانیا بە هۆی ڕوودانی کێشە و شەڕی پڕ ئەژمار لە جوغرافیای فەڵەستین هەوڵی دا خۆی لە بەرپرسیارەتیی یەکەم و ئاڵۆزییەکانی ئەو ناوچەیە دوور بکاتەوە. بەم پێیە لە سەرەتای دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژێر گوشاری بریتانیا بڕیارنامەی ژمارە ١٠٦ دەرکرا. ئەو بڕیارنامەیە کۆمیتەیەکی پێکهاتوو لە ١١ وڵاتی ڕاسپارد تا سەردانی فەڵەستین بکەن و ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلی لە سەر جوغرافیای عەرەب نشین و حەشیمەتی عەرەبەکان، هەروەها جوغرافیای یەهوودی نشین و حەشیمەتی یەهوودییەکان ئامادە بکەن. دەرئەنجامی ئەم کۆمیتەیە بۆ چارەسەری پرسی فەڵەستین دوو پێشنیاری ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد:

١ـ دابەشکردنی فەڵەستین و پێکهێنانی دوو دەوڵەت.

٢ـ پێکهێنانی دەوڵەتێکی فیدراڵی لە عەرەب و یەهوودییەکان.

دواجار کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی ئەو کۆمیتەیە لە بڕیارنامەی ژمارە ١٨١ی خۆیدا، پێشنیاری دابەشکردنی فەڵەستین و پێکهێنانی دوو دەوڵەتی پەسند کرد.

یەهوودییەکان ئەو هەل و فەزایەیان دەمودەست قۆستەوەو لە سەرەتادا سەربەخۆیی ئیسرائیلیان ڕاگەیاند و دواتر داواکاری ئەندامەتیی ئیسرائیلیان ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. ئەو داواکارییە دوو جار لەلایەن سۆڤییەتەوە ڤیتۆ کرا.

دیارە یەکیەتیی سۆڤییەت هۆکاری ڤیتۆ کردنی ئەندامەتی ئیسرائیلی بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە کە بە پێی یاسا دەوڵەتێک کە لە شەڕ لەگەڵ دراوسێکانی دایە ناتوانێ ببێتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئیسرائیل بە ڕاگرتنی شەڕ و بەرز کردنەوەی داواکارییەکەی بۆ جاری سێهەم، ئەمجارەیان بە پاڵپشتی بێ وێنەی سۆڤییەت بوو بە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان. لەم بەینەدا فەڵەستینییەکان لەو ماوە دوور و درێژەدا، لە ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی تاکوو ئێستاکە، بە هۆی دوو هۆکاری سەرەکی نەیانتوانیوە چارەنووسی خۆیان دەستنیشان بکەن. ئەو دوو هۆکارە بریتین لە:

**١ـ کردنی پرسی فەڵەستین بە کێشەی عەرەب ـ ئیسرائیل:** سیاسەتی نابەرپرسیارانەی وڵاتانێکی وەک میسر، سوریە، ئوردۆن، لوبنان و.. بە شێوەیەکی بەردەوام، لە پێناو دژایەتی کردن لەگەڵ ئیسرائیل، فەڵەستینی کردۆتە ئامانج و وەک ئامراز و گۆڕەپانی شەڕ کەڵکی لێ وەرگرتووە. لە ڕاستیدا دەوڵەتی نارەوای عەرەبی دوژمنانێکی ئیسرائیل بوون کە دۆست و هاریکاری فەڵەستین نەبوون.

هەرچەندە کە هەنووکەش کۆماری ئیسلامیی ئێران، سوریە، حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس و ئیخوانولموسلمین هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی کردنی پرسی فەڵەستین بە کێشەی موسڵمان ـ یەهوودی سنووری کێشەکە بەرفراوانتر و ئەو پرسە ئاڵۆزتر بکەن، بەڵام ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی بە فەرمی ناسینی فەتح وەک تەنیا نوێنەری فەڵەستینییەکان لە ساڵی ١٩٧٤ و هەروەها واژۆ کردنی پەیمانی ئاشتی کەمپ دیوید لە نێوان ئیسرائیل و میسر توانیویەتی ئەو پرسە لە کێشەیەکی ئاڵۆز و بەربڵاو بەرەو کێشەیەکی چوارچێوەدار لە کێشەی ئیسرائیل ـ فەڵەستین، ئاراستە بکا.

**٢ـ بەهرەمەند نەبوونی سیاسەتی فەڵەستین لە چوارچێوەیەکی نیشتمانی ـ نەتەوەیی:** نەبوونی ڕێکەوتنی نیشتمانیی و پارچە پارچە بوون لەسەر بنەمای بۆچوونی سیاسیی جیاواز، لایەنە سیاسییەکانی فەڵەستینی تا هەڵدێری شەڕی خۆکوژی بردوە و دواجار دابەشکردنی خەڵک و وڵاتی فەڵەستینی لێ کەوتۆتەوە.

تەنانەت ئێستاکەش بە هۆی جێگیر نەبوونی یاسا و ڕێوشوێنە نیشمانییەکان، فەتح و حەماس فەڵەستینیان بەسەر دوو ناوچەی حوکمڕانی جیا دابەش کردوە. دیارە حەماس بەسەر غەززە و فەتح بەسەر بەشێک لە کەنارەکانی ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردۆن و ڕۆژهەڵاتی بەیتولموقەددەس دا حکومەت دەکا.

لە ئێستادا فەتح بە لەبەرچاوگرتنی هەندێک خاڵ و پشتبەستن بە چەند هەلومەرجی ئەورۆیی داواکاری بە فەرمی ناسینی فەڵەستینیان ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە.

ئەو خاڵ و هەلومەرجە نوێیانە بریتین لە:

١ـ ٢٠ ساڵ دانوستان و دانیشتنی بێ ئەنجام لەگەڵ ئیسرائیل. ئەنجامدانی وتووێژ لەلایەن ئیسرائیلەوە بە مەبەستی بە فیڕۆدانی کات نەک لەپێناو دەستەبەر کردنی ئاشتی. هەروەها چاولێکردنی ئیسرائیل لە فەتح وەک نوێنەری بەشێک لە خەڵکی فەڵەستین و نەبوونی یەکسانی یاسایی لە نێوان لایەنەکانی ئەنجامدەری وتووێژ.

٢ـ بەهاری عەرەبی و واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاشتی لەنێوان فەتح و حەماس: لە ناوچەیەک بەناوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە دەنگی چەک و شەڕ ڕێگەی دیالۆگ و هاوکاری کردنی قۆرخ و کاول کردبوو. بەهاری عەرەبی هەرێمی سیاسەتی لە چەک ڕاماڵی و هێزی بە دیالۆگ و هاوپێوەندی بەخشی. دواجار پەیدابوونی حاکمییەتی خەڵک و بەدوای ئەودا پەیدا بوونی ناوچەی بێ لایەن و جێگەی متمانە، وای کرد کە حەماس و فەتح لە قاهیرە پەیمانی ئاشتی واژۆ بکەن.

٣ـ ڕاپۆرتی بانکی جیهانی، سندوقی نێودەوڵەتیی دراوی کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان: لەم ڕاپۆرتەدا کە ئەمساڵ ئامادە کراوە ئاماژە بە چوونە سەری توانای حکومەتداریی فەڵەستینییەکان کراوە. هەروەها ئەم ڕاپۆرتە بە پەسندی کوارتت ( نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕووسیە، ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا) گەیشتوە.

دیارە تەنیا دەوڵەتەکان دەتوانن مافی ئەندامەتیی ئەسڵی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مسۆگەر بکەن. بەم پێیە هەنووکە کە فەتح داواکاریی ئەندامەتی فەڵەستینی ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە، لە قۆناغی یەکەمدا لەلایەن دیوانی دادوەریی نێودەوڵەتی، دروستبوونی ئەو داواکارییە لەباری حقووقییەوە بە واتایەکی دیکە دەوڵەتبوونی فەڵەستین بەراوەرد دەکرێ. جێگای ئاماژەیە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە لایەنێک دەوڵەت بە ئەژمار دێ کە: ١ـ خاوەنی جوغرافیایەکی دیار بێ ٢ـ خاوەنی حەشیمەتێکی هەمیشەیی بێ. ٣ـ کۆنترۆڵ و حاکمیەتی بەسەر ئەو جوغرافیایەو ئەو خەڵکەدا هەبێ. دیارە جگە لەم خاڵانە توانایی پێوەندی دروست کردن لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەش نە وەک مەرجێکی سەرەکی بەڵام وەک دەرەنجامی هەبوونی سێ مەرجی دەوڵەت بوون چاو لێ دەکرێ.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دوو جۆر ئەندامەتی بە پلەی جیاواز هەیە.

ئەلف ـ ئەندامی ئەسڵی کە تەنیا دەوڵەتەکان لە خۆ دەگرێ و ئەو ئەندامانە مافی دەنگدانیان هەیە.

ب ـ ئەندامی چاوەدێر کە ئەو ڕێکخراو و لایەنانە لە خۆ دەگرێ کە مافی دەنگدانیان نیە، بەڵام ەتوانن لە ئۆرگانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەشدار بن.

بۆ نموونە ڕێکخراوی خاچی سوور و ڤاتیکان دوو ئەندامی چاوەدێری نەتەوە یەکگرتووەکانن. هەروەها بۆ ئەوەی لایەنێک ببێ بە ئەندامی ئەسڵیی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستە لە سەرەتادا داواکاریەکەی بە پەسندی شووڕای ئەمنییەت بگا و دواتر دەنگی ٢ لە ٣ی ئەندامانی (دەنگی ١٢٩ ئەندام لە ١٩٣ ئەندام) کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان مسۆگەر بکا.

ئەوە لە حاڵێکدایە بۆ ئەوەی لایەنێک ببێتە ئەندامی چاوەدێر تەنیا پێویستە دەنگی کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەست بێنێ. بەم پێیە داواکاریی فەڵەستین لە قۆناغی دووهەمدا، دوای تاوتوێ کردنی لایەنی حقووقی‌یەکەی لەلایەن دیوانی دادوەری نێودەوڵەتی، پێویستە دەنگی ٩ ئەندام لە ١٥ ئەندامی شووڕای ئەمنییەت بە بێ بوونی هیچ دەنگێکی نەرێنی (ڤیتۆ کردن) وەدەست بخا. دواتر لە قۆناغی سێهەمدا داواکاریی فەڵەستین بۆ پەسند بوون ئاراستەی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت. بەم پێیە دواجار ئەمریکا دەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە مافی ڤیتۆ پێش بە ئەندامەتیی فەڵەستین بگرێ بەڵام ئەوەی کە گەورەهێزی جیهان هەوڵ دەدا لەو پێوەندی‌یەدا لە ڕێوشوێنە یاساییەکان کەڵک وەرنەگرێ بابەتێکی پڕ بایەخ و جێگەی تێڕامانە.

ئەمریکا ساڵانە یارمەتییەکی ماددیی بەرچاو بە فەتح دەدا بەڵام ئایا ئەو یارمەتییە بۆ فەڵەستینییەکان هاریکارییە یا بەرتیلێکە بۆ نەخستنە بەرباسی چەمکی دادپەروەری لە ئاستی جیهان دا؟ کاریگەری و پاشهاتەکانی داواکاریی ئەندامەتیی فەڵەستین زیاتر ڕەهەندی جیهانیی هەیە تا ڕەهەندی ناوچەیی و نێوخۆیی. ئەو کاریگەرییە جیهانیانە بریتین لە:

١ـ تێڕامان لە گواستنەوەی جوغرافیای دادوەریی جیهانی: وتەکانی ئۆباما لە قاهیرە، پێداگری لەسەر مافی ڕەوای فەڵەستین بۆ بە دەوڵەت بوون لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجامدانی وتووێژ لە نێوان فەتح و ئیسرائیل بە میوانداریێتی ئەمریکا لە ساڵی ڕابردوو و.. هەمووی ئەمانە ڕوخسارێکی مۆژدەبەخشیان لە سیاسەتی ئەمریکا لە جیهانی ئیسلام پێشان دا بەڵام هەنووکە ڤیتۆکردنی ئەمریکا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو وڵاتە لە بیروڕای جیهانی‌دا لە کورسی مۆژدەبەخشی بەرەو کورسی تاوانباری ڕابگوازرێ. لە ڕاستی‌دا چوونی پرسی فەڵەستین بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵگری پەیامی بێ‌لایەن نەبوونی ئەمریکا و شیاونەبوونی ئەو دەوڵەتەیە لە دادوەری کردنی کێشەکانی جیهاندا.

٢ـ خستنە ژێر پرسیاری پێکهاتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان: ١٢٢ وڵاتی دنیا دەوڵەتی فەڵەستینیان بە فەرمی ناسیوە. هەروەها هەر چەند ئاڵمان، ژاپۆن، هیند و برزیل گەشەیەکی سیاسی و ئابووریی بەرچاویان کردوە بەڵام کورسی ئەندامەتیی هەمیشەییان لە شووڕای ئەمنییەت نییە. جگە لەمە ئەمریکا ٦٥ جار مافی ڤیتۆی بە کار هێناوە کە ٣٤ جاری لەپێناو پاراستن و پشتگیری لە ئیسرائیل و سیاسەتە ڕادیکاڵەکانی بووە. دیارە ئەندامانی شووڕای ئەمنییەت هەمان سەرکەوتووانی شەڕی دووهەمی جیهانی واتە هاوپەیمانەکانن (ئەمریکا، بریتانیا، فەرانسە، چین و ڕووسیە). بەم پێیە بنەماکانی پێکهاتنی یاساکانی مودیرییەتی جیهانی شەڕە (hard power) نەک ڕێککەوتن، ڕێزگرتن و یەکسانی. لە ڕاستی‌دا هاتنە بەر باسی پرسی فەڵەستین لە نەتەوە یەکگرتووەکان، وەک گەورەترین ناوەندی دیالۆگی جیهان، یارمەتیی خوڵقاندنی ئەو پرسیارە دەکا کە بنەماگرتنی شەڕ (سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان) لە مودیرییەتی جیهانی دا تا چ ڕادەیەک دروستە و چەندە دەتوانێ لە خزمەت پاراستنی مافی مرۆڤ، ئاشتی و دادپەروەری جیهان دا بێ.

بە گشتی داواکاریی فەڵەستین یارمەتیی خوڵقاندنی جیهانبینی‌یەک دەدا کە باس لە گۆڕینی یاساکانی مودیرییەتی جیهانی لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی جیهانیی دادپەروەرتر دەکا.



---

درێژەی:

## هەڵوێستەیەک لەسەر بیروبۆچوونەکانی د. شەڕەفکەندی

خۆیان بووە، بە تیرۆریزمیان داناوە و حکوومەتیان کردوە و هەرچی بۆخۆیان کردوویانە و بە قازانجی خۆیان دیتووە بە ڕەوایان زانیوە. حکوومەتە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان بە مەیلی خۆیان تا ئەو جێگایە دەستیان دەڕوا، خەڵک دەگرن، دەکوژن و... بەڵام بە هیچ جۆرە ئەوە بە تێرۆریزم ناو نابەن. لە بەرامبەر دا هەر کات کەسێک یان تاقمێک لە ناچاری دژی زەبر و زەنگی حکوومەت و تاقمی زۆردار و دەسەڵاتدار ڕاپەڕن و بە ناچار دەست بۆ چەک و توندوتیژی بەرن، ئەوە دەستبەجێ ناوی تێرۆریزمی لەسەر دادەنرێ و هاواری مەحکوومییەتی بۆ بەرز دەبێتەوە.» (لاپەرەکانی ١٥٣ و ١٥٤ی کتێبی هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەڕەفکەندی، چاپی سوئێد )

هەر وەها دەڵێ:

«بە کورتی تا کاتێک لە دنیادا ماف و ئازادییەکانی ئینسانی «تابع»ی هەوا و هەوەسی زۆرداران بێ و قانوون لە لایەن زۆردارانەوە بنووسرێ، نەک هەر تێرۆریزم بەڵکوو زۆر کاری دیکەش مانایەکی ڕوون و دیاریکراویان نابێ و زۆرداران دەتوانن هەموو جووڵانەوەیەکی عادڵانە و هەموو ڕاپەڕینێک و کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بە خیلافی قانوونەکانی خۆیانی دابنێن و بە عینوانی تیرۆریزم مەحکوومیان بکەن، لە بەرامبەر دا هەموو جینایەتێکی خۆیان بە ڕەوا و عادڵانە و قانوونی لە قەڵەم بدەن.» (لاپەرەی١٥٦ ی کتێبی هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەڕەفکەندی، چاپی سوئێد)،

یەکێکی دیکە لە ڕەنگدانەوەکانی ئەو تایبەتمەندییە بەرزەی د.شەرەفکەندی لە هەڵوێست و ڕوانینەکانی دا، بەڕەسمی ناسینی خەبات دژی ستەم و بێ مافی بوو، جا ئەگەر بە هۆی ئەم خەباتخوازییەوە ئاشتی لە ئاستی ناوچە و جیهانیش دا کەوتبایە مەترسییەوە:

«تا کاتێک زوڵم و زۆر هەبێ، تا کاتێک چەوساندنەوەی جۆربەجۆری چینایەتی، نەژادی، نەتەوەیی، مەزهەبی و جینسی باو بێ، تا کاتێک دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە لایەک و یەخسیری و کۆیلەتی و دیلی و ژێر چەپۆکی و هەژاری لە لایەکی دیکە لە گۆڕێ دابێ، شەڕ و ناکۆکی هەر دەبێ و هەر دەشبێ ببێ. چەوسێنەر و زاڵم و سەرەڕۆ هیچکات بە مەیلی خۆیان دەست لە چەوساندنەوە و زوڵم و دیکتاتۆری هەڵ ناگرن، مەگەر بە زۆری و لە ئاکامی شکست لە خەباتێکی توندوتیژ دا نەبێ! کەوابوو سوڵح و ئاشتیی گشتیی جیهانی و هەروەها شەڕ و خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و بۆ لە نێوبردنی زوڵم و چەوساندنەوە نەک هەر لێک جیا نین، بەڵکوو دوو لایەن و دوو دیوی یەک مەسەلەن کە یەکیان تەواوکەری ئەوەی دیکەیە. ئەو مەسەلەیەش بریتییە لە ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤ.» وتاری «ساڵی تازەی جیهانی» (بە بۆنەی دەسپێکردنی ساڵی ١٩٨٩)

# کوژران بە چ تاوانێک و بە پێی کێهە قانوون؟

عەلی بداغی

کـوژران و بریـنداربوونـی ٧٤ کـەس لـە کۆڵکێش و کاسبکارانی کورد بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کـۆمـاری ئیسلامی لـە مـاوی سێ مانگدا ، ئەویش کۆمەڵە کەسانێک کە نە چەکیان دژی کۆماری ئیسلامی هـەڵ گـرتـوە و نـە هـەڕەشـەیـان لـە ئەمنییەتی وڵات کـردوە و نە زیانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان بە کۆمەڵگە گەیاندوە، نەک هەر دڵتەزێن بگرە کارەساتێکی مرۆییە کە تەنیا دەتوانێ لە کوردستان روو بدا.

لـەبـارەی رەوتـی بـەردەوامـی کوشتاری کۆڵبەران و کاسبکارانی کـوردی نـاوچـە سـنـووریـیـەکـانـی کـوردسـتـان بـە دەسـتـی هـێـزە چـەکدارەکـانـی کـۆمـاری ئیسلامی لە جێدا خستنە بەرباس و دووپاتە کردنەوەی چەند سەرنجێک پێویستە:

بـەر لـە هـەمـوو شـتـێـک دوورکەوتنەوە و بەگژداچوونەوەی ئـەو نـاسـنـاوەی کـۆڵـبـەران و کاسبکارانی کـوردی پـێ پێناسە دەکرێ، ئەویش ناسناوی قاچاغچییە کە بە داخەوە بە هەڵە لە سەر زاری زۆربەی خەڵکیشە. ئەو کۆڵکێش و کاسبکارەی کە نەک لە سەر تێری، بەڵکوو بە هۆی هەژاری و برسێتیی خۆی و مـاڵ و منداڵی و لـە پێناو دەسخستنی رۆژانـە ١٠ هەزارتمەن گیانی خۆی لە سـەر لەپی دەستی دادەنێ و بۆسە و کەمینی هێزەکانی رێـژیـم و سـەخـتـیـی هـەڵـدێـر و سەرماوسۆڵ و مەترسیی تەقینەوەی مین لە ژێر پێی دەبڕێ، بۆ ئەوەی کۆڵەبارەکەی بە دەستی خاوەنەکەی بگەیەنێ و ئەو برە کەمە پارەیە وەک کرێی رێی هات و نەهاتی وەرگرێ، نـاتـوانـێ قاچاغچی بـێ. قاچاغچی ئەو کەسانەن کە لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ئێرانەوە مادەی هۆشبەر بۆ نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ترانزیت دەکـەن و بـە هـۆی ئـەوەش کە زۆربـەی هـەرە زۆریـان باندەکانی سـەر بـە نـاوەنـدە ئەمنییەتییەکانی رێژیم بە تایبەت سپای پاسدارانن، نەک هەر خۆیان مەترسیی گیانییان لە سەر نیە، بەڵکوو خۆیان هەڕەشە و مەترسیی جیدی بۆ سەر ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەن. باری ئەو کۆڵبەر و کاسبکارەش کە مەوادی خۆراکی، بێهداشتی، یان کەرەسەی پێویستی نێو ماڵە، ناتوانێ کاڵا و شمەکی قاچاغ بێ، باری قاچاغ ئەو کاڵا و کەرەستانەیە کە باندەکانی نێو دەسەڵاتی رێژیم خۆیان لە رێگەی ئاوەکانی ئـازادەوە و لە ئێسکێلە و بـەنـدەرگـە تایبەتی و نادیارەکانی خۆیانەوە هاوردەی وڵاتی دەکەن و پشتی وەبەرهێنەر و بەرهەمهێنەرە نێوخۆییەکانی پێ دەشکێنن. ئەوەی زیان بە ئابووریی وڵات دەگەیەنێ، ئـەو کۆڵبەر و کاسبکارە دامـاوەی کورد نیە کە کارتۆنە شووشەیەک، یـان ئێل سیدییەکی لـە کۆڵ نـاوە، بەڵکوو ئەو باند و مافیایانەی نێو دەسـەڵاتـن کـە سـەدا ٨٠ تـا سـەدا ٩٠ ی کـاڵا و شمەک و کەرەسەی قاچاغ لە رێی شوێنە رەسمییەکانی وەک بـازاڕچـە و بـەنـدەر و فرۆکەخانەکانەوە هـاوردەی وڵات دەکـەن، یان بۆ نموونە ئەو رەوت و لایەنانەن کە سێ هـەزار میلیارد تمەن لە تەنگەی باخەڵیان دەنێن و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن.

خاڵێکی جێی سەرنجی دیکە لەو پێوەندییەدا ئـەوەیـە کـە کـردەوەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بۆ تەقە کردن لە کاسبکارانی کورد و بەکارهێنانی چەک بەمجۆرە دژی ئەوان نەک هەر قانوونی نیە، بەڵکوو خۆی پێشێلکردنی ئاشکرای قانوونە.

قـانـوونـی بـەکـارهـێـنـانـی چـەک بـۆ هـێـزە چـەکـدارەکـانـی کـۆمـاری ئیسلامی تەنیا ئـەو کـارە رێـی بە بەکارهێنانی چەک دژی کەسێک داوە کە ئەو کەسە لە دەستی قانوون و هێزە ئینتیزامییەکان رای کردبێ و بەر لە هەموو شتێک تاوانەکەی لە ناوەندێکی قەزایی کۆماری ئیسلامیدا سەلمابێ. پاشان ئـەو کەسە خۆی چەکدار بێ و مەترسیی گیانی بۆ مەئمووری دەوڵەت دروست کردبێ، دواتر ئەوەی کە هێزە چەکدارەکان توانای گرتن و راگرتنی ئەو کەسە تاوانبارەیان نەبێ و هیچ رێیەک جیا لە بە کارهێنانی چەک لە بەر دەستی مـەئـمـووری دەوڵـەتـدا نەمابێ، ئەو کاتیش دەبێ ئەو مەئموورە کەسی قانوونیش مەئمووری دەوڵەت دەبێ کەسی لادەر لە قانوون، نەک تاوانبار بگرێ و رادەستی قانوون و ناوەندە قەزاییەکانی بکا. جیا لەوەش دەبینین کـە کـەسـی کۆڵبەر نـە دەیـەوێ لە وڵات بچێتە دەرێ و نـە دەتـوانـێ لـە دەسـتـی مـەئـمـووری دەوڵـەت دەرباز بێ، ئەو کۆڵەبارێکی پێیە و دەچێتەوە نێو قووڵایی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی دەوڵـەت و دەچێتەوە خـۆیـان لـە گـەلـی کـورد بەمجۆرە ئاشکرا دەکـەن. ئـەو رق و کینەش بـۆ خـۆڕاگـری و خـەباتکاریی ئەو میللەتە دەگەڕێتەوەکە زیاتر لە ٣٠ سـاڵ لـە دواکـەوتـوویـی ئابووریدا راگـیـرانـی نیشتمانەکەی و زەبـر و زەنـگ و سـەرکـوتـی خوێناویی بـزووتـنـەوەکـەشـی نـەبـۆتـە هـۆی ئـەوەی کە دەنگی « بەڵێ» بۆ ئەو رێژیمە بڵێ و بەردەوام چقڵی چاوی



تاونبار دەنـگ بدا، ئەگەر راوەستا ئەوە هیچ، ئەگەر رانەوەستا تەقەی ئاسمانی بکا و ئەگەر هـەر کەلکی نەبوو، ئەو جار پشتێن بەرەوخوارێی ئەو کەسە بنگێوێ، بەڵام ئەوەی لە کوردستان روو دەدا پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەیە. چونکی بەر لە هەموو شتێک تاوانبار بوونی ئەو قوربانییانە و هەموو ئەو کەسانەی مەترسیی ئـەو چارەنووسـەیان لە سـەرە، لە هیچ ناوەندێکی قەزایی رێژیم نـە سـەلـمـاوە. تـەنـانـەت ئەو کـارەی ئـەوان، واتـە هـاتـوچـۆی سەرسنوور و ئەو کاسبییەی ئەوان نـەک بە تـاوان بەڵکوو بە لادان لە قانوون پێناسە کراوە و هەر بەپێی گوند و شـارەکـەی خـۆی و هـەموو کاتێک دەستی مەئمووری دەوڵـەت پێی رادەگا و هەموو کاتێک دەکرێ قۆڵبەست و بدرێتە دادگا. ئەدی بۆ هێزەکانی رێژیم ئـەو کـارە ناکەن، وەڵامـەکـەی بۆ مەبەستێکی دیکە دەگەڕێتەوە. لەوەش بترازێ کوا تەقە کردنی هەوایی، کوا سیلە گرتن لە پشتێن بەرەخوار، ئەوەی کە رۆژانە دەیبینین ئـەوەیـە کـە کاسبکارانی کورد لە لایـەن هێزە چەکدارەکانی رێژیمەوە کـەوکـوژی دەدرێـنـە بەر گولله و بـەوەش ناوەستن و وڵاغە بـەسـتـەزمـانـەکـانـیـان لـەبـەر چـاوی خۆیان دەدەنـە بەر دەسڕێژ و رق و کین و بێزاریی پەنگخواردووی دەسەڵات بووە.

ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە دەتوانرێ چ بکرێ بۆ ئەوەی بە گـژی ئـەو بـارودۆخـەدا بچێنەوە و ئـەرکی بـە گژداچوونـەوەی ئەو بارودۆخە لە ئەستۆی کێیە؟

بە سەرنجدان بە نێوەڕۆک و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوشتاری کاسبکارانی کورد و بە لەبەرچاو گرتنی واقعییەتی ژیانی ئـەو خـەڵـکـە بـەشـمـەیـنـەتـە پرسی کوشتارەکانی سەرسنوور ناتوانێ پرسی هەموو کورد لە رۆژهەڵاتی کـوردسـتـان نـەبـێ، کـەواتـە ئەرکی هـەمـوو هـێـز و لایـەنـە سیاسـی، کـۆمـەڵایـەتـی و مـەدەنـی و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردستانە کـە لـەو پـێـنـاوەدا تـێـکـۆشـانـی بە کردەوەیان هەبێ.

بەر لەهەموو شتێک نابێ هیچ کـام لـەو رووداوانـە بـە ئـاسـایـی وەربـگـیـرێـن، دەبـێ هـەمـوو ئـەو رووداوانـە بە بەردەوامی لە لایەن میدیای کوردییەوە بڵاو بکرێنەوە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لـەوە پـێـوەنـدیـیـەدا لـەقـاو بـدرێـن. دەبـێ نـاوەنـدەکـانـی مـافـی مـرۆڤ، بـە تـایـبـەت حـیـزبـە سـیـاسـیـیـەکـانـی کوردستان بە بەردەوامی راپۆرتی ئەو پێشێلکارییانە بە ئاگاداریی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی مافی مـرۆڤ بگەیەنن و ئـەوە یەکێک لە پرسە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی ئەوانلە ئاستی نێونەتەوەیی و یەکێک لە مەیدانەکانی خەباتی دیپلۆماسیی ئـەوان دژی کۆماری ئیسلامی بێ. پرسی کوشتاری کاسبکارانی کورد دەبێ بکرێتە پرسی گشتیی خەڵکی کوردستان و لە هەلومەرجێکدا کە ئێستا کەمترین جموجۆڵی مەدەنی لـە نێو خـۆی وڵات دەنـگـدانـەوەی زۆری لـە میدیاکانی جیهاندا لێ دەکـەوێـتـەوە، ئـەو پـرسـە دەبـێ نارەزایەتیی گشتی لە سەر وەڕێ بخرێ، بۆ ئەوەی ئەوەندەی دەکرێ تێچووی ئـەو کـارە بـۆ کـۆمـاری ئیسلامی بچێتە سـەرێ. بنەماڵەی قوربانییانی ئەو رووداوانەش نابێ لە خوێنی رۆڵەکانیان خۆش بن، دەبێ لە لایـەن ئـەوانـەوە بەدواداچوونی قانوونی بۆ ئـەو رووداوانـە بکرێ و ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ و ئـەو جینایەتانەی لە کوردستان دەکـرێ، بکرێتە بابـەتـی رۆژانـە و لـە دادگـاکـان سکاڵا دژی هێزە ئینتیزامی و ئەمنیەتییەکان تۆمار بکرێن و ئـەوەش ئـەرکـی تایبەت دەخاتـە سـەر شانی پارێزەران کە تەنانەت خۆبەخشانە بە هانای ئەو بنەماڵانەوە بێن و وەکالەتی ئەوان لە دادگا وەئەستۆ بگرن و پێوشوێنی پەروەندەکانیان کـەون. ئەو پرسە پـرسـی هـەمـوو تـاکـێـکـی کـورد لە رۆژهـەڵاتـی کـوردسـتـانـە و دەبـێ هەمووش بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخە قۆڵی لێ هەڵماڵین.

کوردستان و کورد
www.kurdistanukurd.com
ناوەندی هەواڵی کوردستان و کورد
بۆ گەیاندنی هەواڵەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

# راپۆرتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ماوەی ٣ مانگی هاوینی ١٣٩٠دا



کـوردسـتـان و کـورد نـیـوز: پێشێلکاریی مـافـی مـرۆڤ لە کـوردسـتـان بـە هـۆی دەسـەڵاتـی کـۆمـاری ئیسلامی لـە مـاوەی سێ مانگی هاوینی ئـەو سـاڵدا رەوتـی بـەردەوامـی و هـەمـیـشـەیـی خـۆی پـێـواوە و لـەو وەرزەی ساڵیشدا کۆمەڵە کەسانێکی دیکەش بوونە قوربانیی سیاسەتی کوشت و بڕ و دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان.

لە مـاوەی سێ مانگی هاوینی ئـەو سـاڵدا لانیکـەم ٣١ کـەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنییەتی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون کە ٢٢ کەسیان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون.

لەو ماوەیەدا لانیکەم دوو کەس بە ناوەکانی سەدیق نەعمانی و مێهدی کۆهەن بە تۆمەتی قاچاغچیتیی مادە هۆشبەرەکان لە ورمێ ئێعدام کران کە چالاکانی مافی مرۆڤ گومانیان لە قاچاغچی بوونی ئەو دووکەسەیە. لەو ماویەدا ٥ کەسیش لە زیندانەکانی سنە و ورمێ بە هۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانیان لە دەست داوە و ٢ کەس لە کوژراوەکانیش خەڵکی بـاشـووری کـوردسـتـان بـوون کە بـە هـۆی تۆپبارانـەکـانـی کـۆمـاری ئیسلامی لە سەر خاڵە سنورییەکان وەبەر هاتوون و گیانیان لە دەست داوە.

هەر لە ئاکامی کەمین نانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنورییەکانی کوردستان کە بـە هـۆی بێکاری و بێ دەرەتـانـی بـە کـاری کـۆڵـبـەری نـان و بژیوی رۆژانـەی خۆیان پەیدا دەکـەن، ٢٥ کەس بریندار بوون کە دوو کەسیان خەڵکی باشووری کوردستان بوون و دوو کەسیش بە هۆی تەقینەوەی مینە چێندراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی سەردەشت و پیرانشار بـە تـونـدی بریندار بـوون و هەر کامیان لاقێکیان پەڕیوە.

ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی و سێ مانگی هاوینی ئەو ساڵدا لانیکەم ١٤١ کـەس لـە خـەڵکی مـەدەنـی و چـالاکـان و لاوانـی هـەڵسـووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبـەسـت کـردوە. بـەشـێک لـەو کەسانە دوای لێپێچینەوە و دادگایی کرانیان بە شێوەی کاتی و بە بارمتە ئازاد کراون و لانیکەم ٢٣ کەس لە گیراوانی کورد لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا دادگایی و سزای لە ٦ مانگ و یەک ساڵ و دوو ساڵ را بگرە تا ٦ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە.

هەر لەو ماوەیەدا شەش گیراوی کورد کە لە سەر بیروباوەڕی ئایینی گیراون، بە تۆمەتی چالاکیی ئایینیی دژی کـۆمـاری ئیسلامی حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە و ئاشکرا بووە کە چوار زیندانیی سیاسیی کـورد کـە بـە تـاوانـی ئەندامەتیی حیزبی دێموکڕات گیراون و دوو کەسیان حوکمی تا هەتایی و دوو کەسیان حوکمی ٢٥ ساڵ زیندانیان بە سەردا سەپاوە، ماوەی ١٥ ساڵە لە مافی مەرەخەسی بێبەشن.

شـایـانـی باسـە کـە ئـەو ئـامـار و زانـیـارییـانـە بە پشتبەستن بەو هـەواڵ و راپۆرتانە کۆ کراونەتەوە کـە بـە هـەواڵـدەریـی کـوردسـتـان و کـورد گـەیـون و بـە دڵنیاییەوە ئـامـاری راستەقینەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤن لە کوردستان بە هۆی کۆماری ئیسلامی زۆر لەوە زیاترە کە لـەو راپۆرتـە و لـەو خشتەیەدا هاتوە.

http://www.kurdistanukurd.com/DiriyjeyBabetekan.aspx?Babet=Syasy&Jimare= 400

# وەڵامێک بۆ کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی یەکیەتیی فیداییانی گەلی ئێران

ناسر ئێرانپوور

وەرگێڕان بۆ کوردی: ئاڵەشین



**- هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران،**

سڵاوی گەرموگوڕی منتان لێ بێ.

نووسەری ئەم دێڕانە کە پێوەندی بە هیچ ڕەوتێکی تەشکیلاتی و سیاسیەوە نییە، بەیاننامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هەروەها هەموو هەڵوێستەکانی ئێوەی تاوتوێ کردووەو ئێزن دەخوازێ لە سەر ئەم بابەتە زۆر دۆستانە بەشداریی دیالۆگی ئێوە بکا. بە تایبەت ئەوەی کە بە نیسبەت ئەم شتەی کە ئێوە باسی دەکەن بێ تەفاوت نییەو حیزبی دێموکراتی کوردستان بە یەکێک لە ڕەوتە سیاسییە ئێرانییەکانی نزیک بە ئێوە دەزانێ و لە چوارچێوەی ئەم جاڕنامەیەی کە بە جێ باسی کراوە، خوازیاری هاوپەیمانی ئەم حیزبە لەگەڵ ئێوە بووەو هەیە.

هاوڕێیانی فیدایی! ئێوە واتێ گەیشتوون کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەک داوای «کوردستانی گەورە»ی کردووەو لە لایەکی دیکەوە داوای لە ڕۆژئاوا کردووە دەستێوەردانی نیزامی لە ئێرانیش بکرێ. بێ گومان دەبێ بڵێین کە بۆچوونەکەی ئێوە - بە خۆشییەوە - هەڵەیە. لێرە نامەهەوێ « هاوچارەنووسی و هاوهەڵوێستی» ئێوە لەگەڵ سێ کوچکەی بە قەولی خۆتان «ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان»ی ئێران، لەگەڵ «کۆماری» ئیسلامی و لەگەڵ حاکمە نەزانەکان بە چاوی ئێوە دابدەمەوە. تەنیا دەمهەوێ بە گشتی هەموو جیاوازی و لەوانەیە کێشەکانی ئێوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان ( و دڵنیاشم لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ) دا باس بکەم و لەکۆتایی هەر بەشێک دا چەند پرسیارێک ئاراستەی ئێوە بکەم.

١ - ئێوە ڕێکخراوێکی سیاسی چەپ - و بە ڕای من - سەراسەری خۆشناوی ئێرانن. لە قووڵایی دڵەوە هیوای بەهێز بوونی هەرچی زیاتری ڕێکخراوەکەتان دەخوازم، ئەویش نە وەک ئێرانییەک، بەڵکوو بە تایبەت، بە هۆی لێک تێگەیشتن و یەک دڵی و هاوزمانێکی کورد. من پێم وایە کە لە داهاتوودا دەبینین ئێوەو حیزبی دێموکراتی کوردستان (بە هەر دووک بەشەوە) و کۆمەڵە بەرەیەکی دێموکراتیک پێک دێنن. بزووتنەوەی سەراسەری فیدایی و بزووتنەوەی میللی - دێمۆکراتیکی کوردستانی ئێران دوو بنەمای سەرەکی بەرەی خەڵکی و دێمۆکراتیک و تەنانەت حکوومەتی داهاتووی ئازادی ئێران دەبن. ئەم متمانەو هیوایە لە نزیک بوونی بەرنامەی ئەم چەند جەریانە سیاسییە سەرچاوە دەگرێ. هیوادارم بەم باسانە تێگەیشتنی هاوبەش لە سەر ئەو بابەتانەی جێگەی باسن زۆرتر بن و لە کۆتایی دا ببێتە سەرەتایەک بۆ یەکگرتوویی و پێک هێنانی بەرە لە نێوانیان دا.

٢ - سەرەڕای ئەمانە دروست نیە کە چاوەڕوان بین ئەم حیزبانە خوێندنەوەو ئەدەبیات و ئەرکی سەرشانیان هاوبەش بێ. بە هەمان شێوە کە سەیر نیە ئێوە ڕوانگەیەکی ئێرانی بە مانای گشتی وەک یەکتان هەبێ، هەڵەش نیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تێڕوانینی کوردی و بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان ڕووداوەکان هەڵسەنگێنێ و هەڵوێست بگری. لەم چوارچێوەیە ئەوە نەک هەر ماف، بەڵکوو تەنانەت ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەم حیزبانەیە کە خۆیان لە شەبەنگی کۆمەڵە دا پێناسە دەکەن، بۆ دەستەبەرکردنی پشتگیری نێونەتەوەیی و بە تایبەت ڕۆژئاوا و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگە نێونەتەوەییەکانی دیکە، تەنانەت دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بۆ خەباتی خەڵکی کوردستان لە ئێران، عێراق، تورکیەو سووریە هەوڵ دەدەن. لەوانەیە بۆ ئێوە مەسئەلەی فەلەستین سەرەکی و مەسئەلەی کوردستانی تورکیەو سووریەو عێراق لاوەکی بێ. زۆر باشە، بەڵام ئەم چاوەڕوانیە لە حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەجێ نیە. لە ئێوە دەپرسم تا ئێستا چەند ڕێکخراوی سیاسی « ئێرانی «و بە ڕواڵەت « گشتی « لە پێوەندی لەگەڵ بۆردومانە بەردەوامەکانی کوردستان لە لایەن تورکیەو ئێران بە ڕواڵەتیش بێ دژکردەوەیان نیشان داوەو ناڕەزایەتیان دەربڕیوە؟ ئێوە پێتان وایە کە حیزبەکانی کوردستانیش دەبێ هەڵوێستێکی بەم شێوەیان هەبێ؟ ئەگەر وایە ئەمە بیرۆکەیەکی هەڵەیە. باسی کوردستانی تورکیەو عێراق و سووریە باسی ستەمێکی مێژوویی، چەوساندنەوەو بێبەری کردنی نەتەوەیەکە، ئێستا ئەگەر ئەم نەتەوەیە لە جوغرافیای سیاسی وڵاتێک دابێ یان نا. ئەم وتەیە بە مانای لە «داوی کوردستانی گەورە کەوتن» دا نیەو لە هیچ جێگەیەک لەم ڕاگەیەندراوەدا ئاماژەی پێ نەکراوە.

٣ - ئێوە نووسیوتانە کە ئەم هەڵوێستە لەگەڵ هەڵوێستی پێشووی ئەم حیزبەو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دوکتور قاسملوو جیاوازی هەیە. بە هیچ شێوەیەک وانیە. ئاشکرایە دوکتور قاسملوو لە هیچ هەوڵێکی دیپلۆماتیک بۆ دەستەبەرکردنی وەها پشتیوانییەک خۆی نەبوارد و ئەمەش یەکێک لە سەرەکیترین نیگەرانی و خزمەتەکانی ئەو بوو. هەتاکوو جێگەیەک کە مەسەلەکە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دەگەڕێتەوە، لەوانەیە وەبیرهێنانەوەی نامەی کاک مستەفا هیجری بۆ بووش بەس بێ. سەرەڕای ئەمەش ئەم نامەیە بە چەشنێک بوو کە لە وانەیە بتوانین - لانی کەم لە بواری چۆنیەتی دەربڕیندا - ڕەخنەی لێ بگرین. بۆ ئاگاداریتان ئەم ڕاگەیەندراوە زۆر پوختترو سیاسیترە و کۆدەنگی ڕووناکبیرانی کوردستان وهەروەها بیروڕای گشتی بزووتنەوەی کوردی لە سەرە. بە هەر حاڵ، گۆڕینی هەڵوێست لەم ڕاگەیەندراوەدا نابیندرێ. لە وانەیە ئەم شتەی کە لەم ڕاگەیەندراوەدا نوێ بێ لێدوانێکی ئاشکرایە کە من بە شەخسە پێم باشە.

٤ - ئێوە ئاماژەتان بە نارێک و پێکی هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردووە. لێرە جێگەی خۆیەتی لە ئێوە بپرسین کە ئێوە تا چ ڕادەیەک باوەڕتان بە دروشمی « مافی دیاری کردنی چارەنووس « هەیە کە لەم نامەیەدا باستان کردووە؟ مەگەر بەم شێوە نیە کە ئەم ئەسڵە مافی جیاییخوازی و سەربەخۆیی کوردستانیش دەگرێتەوە؟ پاشانیش مەگەر ئێوە بۆخۆتان باس لەوە ناکەن کە تا ئێستا ڕێبەران و کادرەکانی ئەم حیزبە داکۆکیان لە سەر چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا کردووە؟ کە وا بوو لە بەر چی گومانی جیایی خوازیتان هەیەو دەڵێین کە ئەم حیزبە لە داوی (!) سەربەخۆیی کوردستان دایە؟ بە ڕاستی ڕەوتێک کە ئیمانی بە مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیی هەبێ، سەربەخۆیی نەتەوەیەک بە «داو» نازانێ، تەنانەت ئەگەر لایەنگریشی نەبێ.

**مەگەر ئێوە بۆخۆتان باس لەوە ناکەن کە تا ئێستا ڕێبەران و کادرەکانی ئەم حیزبە داکۆکیان لە سەر چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا کردووە؟ کە وا بوو لە بەر چی گومانی جیایی خوازیتان هەیەو دەڵێین کە ئەم حیزبە لە داوی (!) سەربەخۆیی کوردستان دایە؟**

٥ - لێرە پرسیار ئەمەیە: تا ئێستا جیا لە هێندێک باسی ئۆبژەکتیف و دروشمی « مافی دیاری کردنی چارەنووس» بۆ ئەم نەتەوە ٤٠ میلیۆن کەسیە، نەتەوەیەک کە سەرەڕای ئەوەیکە لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێستای ئێران دایە یان نا، لە بنەڕەتدا نەتەوەیەکی ئارییە، چتان کردوە؟ مەگەر ئێوە ڕێکخراوێکی ئازادی خوازو یەکسانی خواز نین؟ ئایا ئاگاتان لێیە کە لە کوردستانی تورکیە چی ڕوو دەدا؟ دەزانن کە کێشەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی عێراق و دەوڵەتی ئامریکا لەسەر چیە؟ ئەگەر دەزانن، هەڵوێستی ئێوە سەبارەت بەم مەسەلەیە چیە؟ ئاگاتان لە بارودۆخی کوردستانی سووریە هەیە؟ ئایا ڕووناکبیری ئێرانی دەبێ تەنیا ئەگەر لە کەنارە کەرتی غەزە یان هێنانە بەرباسی مەسەلەی ئیسلامگەراکانی تورکیە شتێک ڕووی بدا، تا بۆ بەرگری کردن لە خەڵکی فەلەستین ( کە بە پێچەوانەی نەتەوەی کورد پشتیوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کۆمۆنیست و ئیسلامی ) یان لە پشتە، ڕاگەیەندراو دەر بکا؟ ئەگەر باسی ڕەخنەو سکاڵایەکی دۆستانە بێ، ڕووناکبیرانی کوردستان سینگیان پڕە لەم ڕەخنانە. ئەستێرەیەک لە ئاسمانی پڕ ئەستێرە بۆ کوردستان بە ڕەوا نازانن، تەنانەت لە لایەن ئەم کەسانەی کە خۆیان بە بەرگریکاری ئەوان دەزانن. من بۆخۆم یەکێک لە ڕەخنەگرانی قسەلەڕووی پ.ک.ک بووم، بەڵام بە داخەوە زۆر ناجوانمێرانەو نامرۆڤانە، نەمدیت کە لە نێوان ٢٠٠ دەوڵەت لە جیهاندا، دەوڵەتێک پەنا بە ڕێبەرەکەیان بدا. ئەم مەسەلەیە بە هۆی نادروستی سیاسەتەکانیان نیە بەڵکوو بە هۆی ستەم لێچوویی ئەم نەتەوە بێ پەناو بێدۆستەیە. ئەم نامەیەی ئێوەش بێ ئەوەی کە بۆ خۆتان بتانهەوێ ئەم تێگەیشتنە بەهێز دەکا.

٦ - ئێوە نووسیوتانە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان « چاوەڕێی هێزە دەرەکییەکانە کە خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران ڕزگار بکەن « لێرەدا لە سەرەتا دەبێ بڵێین کە باسی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی گشتیە و تایبەت بە کوردستانی ئێران نییە. پاشان لەم ڕاگەیەندراوە دا - ئەگەر گومانی ناسیۆنالیستی و دژە ئیمپریالیستی نادێمۆکراتیک وەبەر چاو نەگیرێ - « وەک چاوەڕێ بوونی هێزە دەرەکییەکان» لەم مەسەلەیە تێناگەن، بەڵکوو وەک بانگهێشت کردنی جیهان بۆ سرنجدان بە بارودۆخی نەتەوەیەکی ستەم لێکراو و پارچەپارچە کراو سەیری دەکرێ. ئەوجار، بە دان پێدانان، لە نێوان ئێوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەر مەسەلەی هێرشی ڕۆژئاواو ناتۆ بۆ حکوومەتەکانی لیبی و سەدام ڕوانگەی جیاواز هەیە. ئەوەی کە وەها هێرشێک بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئەم وڵاتانە نەبووە و نابێ شتێکە حاشاهەڵنەگر. بەڵام لە ڕاستیشدا ئەم جۆرە تێگەیشتنە کە ئەم هێرشانە دژی بەرژەوەندی خەڵکی ئەم وڵاتانەن، هەڵەیە. بە تایبەت ئەم تێگەیشتنەی کە دەڵێ ڕووخاندنی دیکتاتۆرەکان بە دەستی ڕۆژئاوا بێ ئەملاو ئەملا دیکتاتۆری دیکەی لێدەکەوێتەوە.

چارەنووسی عێراق ئێستاش ڕوون نییە. هەر بۆیە ناتوانین لەم بارەوە وەها بڕیارێک بدەین. بە هەرحاڵ پێم وانییە کە لەمەو بە دوا هیچ سیستمێکی دیکتاتۆری وەک حکوومەتی سەدام بتوانێ دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ. جگە لەوەی کە، کوردستانی عێراق لە ژێر چەکمەکانی سەدام شتێکی نەبوو کە لە دەستی بدا، بە هەرحاڵ ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین، ئەگەر دڵخوازیش نەبێ، دیکتاتۆری نییە. نادادپەروەرانەیە ئەگەر تێکهەڵچوونەکانی تاقمە کۆنەپەرستەکانی شیعە و سوننەی لایەنگری حکوومەتی ئیسلامی ئێران و عەرەبستان بە حیسابی ئامریکا و سیستمی عێراق دانێین. لە چەند وڵاتی دیکە، هێرشی ڕۆژئاوا و ناتۆ بۆتە هۆی دیکتاتۆری؟ لە ئاڵمان؟ ژاپۆن؟ یان یۆگۆسلاوی؟ هاوڕێیانی خۆشەویست! ئەوە ئێمەین کە دەبێ داوا لە ئێوە بکەین کە ئەگەر هەر چەشنە شک و گومانێکتان هەیە کە پێوەندیدارن بە بیرۆکە دژە ئیمپریالیستی و دژە ئامریکاییە نا دێموکراتیکەکان وەلایان بنێن. بەشێک لە چەپی ئێران ئێستاش گیرۆدەی داوی دژە ئامریکای سەردەمی شەڕی ساردن کە سەرچاوەکەی بلووکی ڕۆژهەڵات و حیزبە کۆمۆنیستەکان و حیزبی توودەی ئێرانە و بەم زووانەش بیرۆکەو کلتوری دژە ڕۆژئاوایی و لە ڕاستی دا دژەشارستانی ئیسلامگەراکانە.

هاوڕێیان! ئاشکرایە کە کوردستان ناتوانێ لە کەلێنی نێوان ڕۆژئاواو حکوومەت گەلێک وەک « کۆماری» ئیسلامی سوود وەرنەگرێ ( بە هەمان شێوە کە لە دژایەتی کردنی ئەم دەوڵەتانەی کە بە سەر کوردستاندا حاکمن بەردەوام قازانجی کردووە). بۆ دەبێ حکوومەتە کۆنەپەرست و فاشیستەکانی تورکیە و ئێران بۆ سەرکوت کردنی بزووتنەی کوردستان دەست دەخەنە دەستی یەک و ئامریکا ڕاستەوخۆ پشتگیریان بکا، بەڵام لە بەرچی دەستەبەرکردنی پشتیوانی ئامریکا. بە هەر مەبەستێک لە لایەن ئەو وڵاتە بێ - بۆ پووچەڵ کردنەوەی بەرەی دژە بزووتنەوەی کوردستان هەڵەیە؟ دیسان لە کۆتایی دا ڕادەگەیەنم کە تا ئێستا بزووتنەوە مەدەنییەکانی ئێران دەریان خستووە کە خەڵکی ئێران بە تەنیایی توانای ڕزگاربوون لە ژێر کەڵەوەی حکوومەتی ئیسلامی ئێرانیان نییە و بزووتنەوی ئەوان دەتوانێ و لە وانەیە ناچار بێ پشت بە هێرشی نیزامی - ڕۆژئاوا - ببەستێ و ئامریکاش ڕاستەوخۆ پشتگیریان لێ بکا، لە کاتێکدا کە بزووتنەوەکە بەربڵاو بێ و وەبەر توندوتیژی سەرکوت کردن بکەوێ، ناتوانین و نابێ لە بەرامبەر هاوکاری نیزامی ڕۆژئاوا کە ئێوە بە هەڵە پێی دەڵێن «دەستێوەردانی

ل ٩

# کۆماری ئیسلامی، بارمتەگیری نێونەتەوەیی

مەسعوود فەتحی

جاش فیتاڵ و شێن باوئێر دوو شاخەوانی ئامریکایی رۆژی چوارشەممە ٣٠ خەرمانان پاش ٧٨١ رۆژ زیندانی لە ئێران، بە دانانی بارمتەیەکی یەک میلیۆن دۆلاری ئازاد کران.

جاش فیتاڵ و شێن باوئێر و سارا شۆرد ٣ شاخەوانی ئامریکایی بوون کە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٨ ریکەوتی ٢١ ژوئیەی ٢٠٠٩، لە کاتێکدا کە بە مەبەستی شاخەوانی روویان لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان باشووری کوردستان و ئێران کردبوو لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستبەسەر کرابوون. جێی وەبیر هێنانەوەیە کە سارا شۆرد ساڵێک پێشتر واتە ٢٣ی خەرمانانی ١٣٨٩ بە دانانی بارمتەیەکی ٥٠٠ هەزار دۆلاری بە شێوەیەکی کاتی ئازد کرابوو. ئەم شاخەوانانە بە تۆمەتی بەزاندنی سنوورەکانی ئێران و سیخوڕی بۆ دەزگا ئەمنییەتییەکانی ئەمریکا لە لقی چواری دادگای شۆڕشی تاران دادگایی و هەرکام بە ٨ ساڵ زیندان مەحکووم کرابوون.

پاش مەحکوومکرانی ئەو سێ شاخەوانە بە زیندان، لە لایەن ئێرانەوە، ریکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بە دەرکردنی راگەیەندراوێک چۆنیەتی دادگایی کردنی ئەوانی لە لایەن ئێرانەوە بە گاڵتەکردن بە عەداڵەت وەسف کرد و رێژیمی ئێرانی بە بارمتە گرتنی نێونەتەوەیی تاوانبار کرد و داوای کرد ئەو سێ کەسە بە زووترین کات ئازاد بکرێن. لەو راگەیەندراوەدا هاتبوو کە هەر لە سەرەتاشەوە رێژیمی ئێران ئەو شاخەوانانەی بە ئامانجی سیاسی دەستبەسەر کردوە و بارودۆخی ئەو زیندانیانە لەو دوو ساڵەدا بە دوور لە پێوانەکانی ماقی مرۆڤ بووە و ئەو زیندانیانە لە دەستڕاگەیشتن بە پارێزەر و خزمەتگوزاریی کونسولی بە پێی پێویست، بێ بەش بوون.

ئامانجی بارمتەگرتنی ئەو شاخەوانە ئامریکاییانە هەر لە سەرەتای دەستبەسەر کردنیان لە لایەن ئێرانەوە ئاشکرا بوو، بە شێوازێک کە ئەحمەدینژاد سەرۆک کۆماری ئێران لە مانگی رێبەندانی ساڵی ١٣٨٨ دا بە راشکاوی رایگەیاند کە دەکرێ ئەو سێ ئامریکاییە لەگەڵ زیندانیانی ئێرانی لە ئامریکا بگۆڕدرێنەوە. هەر لەم پێوەندییەدا وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، محەممەد عەلی ساڵحیش گەشبینی خۆی لەمەڕ ئازادبوونی ئەو سێ شاخەوانە وەها دەربڕیبوو کە ئەو سێ ئامریکاییە لەگەڵ زیندانیانی ئێرانی لە ئامریکا بگۆڕدرێنەوە (مەبەست لە زیندانیانی ئێرانی، ٨ کەسن کە بە تاوانی کڕینی چەک و کەرەستەی پێویست بۆ ناوەندە ناوکییەکانی ئێران مەحکووم و زیندانی کراون).

کۆماری ئیسلامی لە بارمتەگیریی سیاسیدا ئەزموونێکی دوورودرێژی هەیە و دەوڵەتانی رۆژئاوایش بە ئازاد کردنی تاوانبارانی سەر بەو رێژیمە، یارمەتیدەری بەردەوام بوونی پێشێل کارییەکانی ئەو رێژیمە بوون. لەم بارەیەوە و بۆ وێنە ئاماژە بە دوو کردەوەی ئەو رێژیمە لەم ساڵانەی دوایی دا دەکەین.

١- کولید ریس هاووڵاتییەکی فەڕانسەیی بوو کە لە کاتی نارەزایەتییەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری ئێران، دەستبەسەر و بە سیخوڕی بۆ دەوڵەتی فەڕەنسە مەحکووم کرابوو. بەڵام دواتر و پاش هەوڵێکی زۆری دەوڵەتی فەڕەنسە، کولید ڕیس لە لایەن ئێرانەوە ئازاد کرا و چەند رۆژ پاش گەڕانەوەی بۆ فەڕەنسە، عەلی وەکیلی راد تاوانباری ئێرانی لە لایەن فەڕانسەوە ئازاد کرا. وەکیلی راد لە ساڵی ١٩٩٤ لە لایەن دەوڵەتی فەڕەنسەوە بە تاوانی کوشتنی دوکتور شاپووری بەختیار، دوایین سەرۆک وەزیرانی شای ئێران، دادگایی و تاوانبار کرابوو.

٢- گۆڕینەوەی هاووڵاتییەکی ئاڵمانی، لەگەڵ تاوانباری سەرەکیی جینایەتی میکۆنوس، (هێلمون هومێر)ی ئاڵمانی کە لە کۆتایی دەیەی ٩٠ی زایینی لە تاران دەستبەسەر و بە تاوانی پێوەندیی نەشیاو لەگەڵ ژنێکی ئێرانی بە مردن مەحکووم کرابوو. بەڵام دواتر رێژیمی ئێران ئەو هاووڵاتییە ئاڵمانییەی ئازاد کرد و دەوڵەتی ئاڵمانیش کازم دارابی تاوانباری ژمارە یەکی تیرۆری میکۆنوسی ئازاد کرد. جێی وەبیر هێنانەوەیە کە لە رێستۆرانی میکۆنوس دا دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و دوو کەس لە هاوڕێیانی، هاوکات لەگەڵ ئێرانییەکی دیکە بە ناوی نووری دێکوردی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کراون.

ئەمانە و کۆمەڵێک کردەوەی لەم چەشنە، کۆماری ئیسلامی وەک رێژیمێکی بارمتەگیر بە رای گشتی جیهانی ناساندوە.

جێگەی سەرنج ئەوەیە کە شاخەوانانی ئامریکایی، جاش فیتاڵ و شێن باوئێر، پاش گەڕانەوەیان بۆ ئەمریکا کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسیان پێک هێنا و سەرەتا وتیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی ئێران دەرحەق بە ئێمە کردوویەتی، ئەو رێژیمە نابەخشین. ئێمە ناتوانین دەوڵەتێک ببەخشین کە هاووڵاتیانی خۆی بە تاوانی بیرورای جیاواز یان بەشداری لە رێپێوانێکدا، و یان تەنانەت بە تاوانی نووسینی بابەتێک لەسەر وێبلاگی تایبەتی خۆیان، دەستبەسەر دەکا. دەوڵەتی ئێران رۆژنامەنووسان زیندانی دەکا و رۆژانە خەڵکێکی بێ تاوان ئیعدام دەکا.

هاوکات وتیان لە ماوەی ئەو ٧٨١ رۆژەدا کە لە ئێران زیندانی بوون، بەردەوام گوێمان لە هاواری زیندانیانی ئێرانییەوە بووە کە لە لایەن پارێزەرانی زیندانەوە ئازار و ئەشکەنجە دراون. پێدەچێ ئەم وڵامانە هەڵگری ئەو پەیامە بن کە ئەو شاخەوانە ئامریکاییانە سکاڵای خۆیان بە دژی ئێران بۆ رێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرز بکەنەوە.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە رۆژی ٤ی خاکەلێوە، کۆمیساریای بەرزی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان (ئەحمەد شەهید)ی وەک راپۆرتێری ئەو رێکخراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەمەڕ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران هەڵبژارد، بەڵام دەوڵەتی ئێران ئەم کارەی بە حەرەکەتێکی سیاسی وەسف کرد و بە بیانووی ئەوەی کە ناوبراو لە لایەن ئامریکا و دەوڵەتانی رۆژئاواوە هەڵبژێردراوە، ئیزنی بە ئەحمەد شەهید نەدا کە بۆ ئەنجامی ئەرکەکەی بچێتە وڵاتی ئێران. ناوبراو هەتا کۆتایی مانگی مارس دەبێ راپۆرتی خۆی لە بواری پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران پێشکەشی رێکخراوی مافی مرۆڤ بکا.

هەر بۆیەش بەرز بوونەوەی سکاڵای ئەو شاخەوانە ئامریکاییانە دەتوانێ گوشارەکان لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆف لە ئێران، بە دژی ئەو رێژیمە توندتر بکا.



درێژەی:

# وەڵامێک بۆ کۆمیتەی ناوەندیی رێکخراوی یەکیەتیی فەداییانی خەڵکی ئێران

نیزامی»، نارەزایەتی دەربڕین. حاشاهەڵنەگرە کە دوژمنی سەرەکی خەڵکی ئێران کە بۆتە لەمپەر لە سەر رێگەی دێموکراسی، حکوومەتی ئیسلامی ئێرانە، حکوومەتێک کە لە هیچ هەوڵێک بۆ لە ناوبردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی وڵاتەکەمان سڵی نەکردووە. کەواتە بۆ دەبێ لە رووخاندنی وەها رێژیمێک بە دەستی لایەنێکی دیکە، لە کاتێکدا کە بۆخۆمان ئەم توانایەمان نییە نارازی بین ؟ ئەم کارە لە پلەی بەرزتردا بۆ بزووتنەوەی کوردستانیش راستە کە نە هەر لەگەڵ حکوومەتێکی فاشیستی، بەڵکوو لەگەڵ چوار حکوومەتی لەم چەشنە بەرەوڕوو بووە؟ لێکدانەوەی ئێوە ئەمە دەگەیەنێ کە ئێوە هەڵبژاردەی سووریەتان کە هەتا ئێستا نزیکەی ٣٠٠٠ کەسی مەدەنی کوشتووە، پێ باشترە لە لیبی کە دیکتاتۆرەکەی وەک سەدام خۆی حەشار داوەوە و رای کردووە. ئەمە بنەمای جیاوازی روانگەی ئێوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانە. لە بیرمان نەچێ کە لە سەرەتاوە ئۆپۆزیسیۆنی لیبی لە « دەستێوەردانی» رۆژئاوا بۆ وڵاتەکەی نارازی بوو، پاشان بەردەوام پەیامی دەنارد کە بۆ ناتۆ هێرش ناکاتە سەر حکوومەتی لیبی و چەترێکی هەوایی بۆ پارێزگاری کردن لە هێرشە هەواییەکانی حکوومەتی قەزافی دانامەزرێنێ. ناتۆ وڵامی ئەرێنی بەم بانگهێشتە دا کە ئەگەر وەها وڵامێکی نەدابا‌وە، جەنابی قەزافی گیانی کەسانێکی زیاتری دەگرت، بێ ئەوەی کە بڕووخێ، هەمان مەترسی کە ئێستا لە سووریە هەیە. لە کۆتایی دا بۆ لە رەواندنەوەی شک و گومان جەخت دەکەمەوە کە نارازی بوون بۆ هێرشی سەربازی و تەنانەت داوای هێرشیش - دیسان دووپاتی دەکەمەوە- بەم مانایە نیە کە گوایە چاوەڕوانی لە رۆژئاوا دەکرێ ئێران یان کوردستان رزگار بکا، هێرشی رۆژئاوا تەنیا دەتوانێ رۆڵی هاوکاری کردن بۆ بزووتنەویەکی هەبێ کە لە راستی دا بوونی هەیە، بزووتنەوەیەک کە لە ئاستی لەنێوچوون بە دەست رێژیمێکی زاڵم و سەرکوتکەر دایە. کەواتە لە بنەڕەتدا بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە گۆڕێ دا هەیەو لە کۆتایی دا ئەم یارمەتییەی رۆژئاوا دەتوانێ بزووتنەوەی مەوجود رزگار بکا. هەروەک بۆ خۆتان دەزانن، لە کوردستانی عێراقیش بزووتنەوەیەک بەم شێوەیە هەبوو. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە، بێ هاوکاری ئامریکا و هاوپەیمانەکانی نەیدەتوانی لە دەست رێژیمی سەدام رزگار بێ کە نەتەنیا دوژمنی گەلی کورد بەڵکوو رۆژئاوا و وڵاتانی دراوسێی باشوورو رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی خۆشی بوو. ئایا ئێوە پێتان وایە دەبووایە دژایەتی ئەم پێکدادان و هاودەنگییە بەرێکەوتەو رەنگە کاتییەی بەرژەوەندی خەڵکی عێراق و رۆژئاوا کرابا بەنرخی مانەوەی ئەم جۆرە رێژیمە؟ ئەم کارە لە پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی ئێران، حکوومەتێک کە ئەگەر جینایەتەکانی زۆرتر لە جینایەتی رێژیمی سەدام نەبێ، کەمتر نیە، حکوومەتێک کە بە هەزاران کەس دیلی سیاسی تەنیا لە چەند رۆژ دا کوشت و لەنێو برد، حکوومەتێک کە زۆر جینایەتی دڵتەزێنی لە کوردستاندا کرد، حکوومەتێک کە سنووری بەزاند و دەستی گەیشتە هەر شوێنێک جینایەتی لێ کرد و رێژەیەکی زۆری لە زانایان و رێبەرە گەورەکانی کوردستان و ئێرانی ناجوامێرانە کوشت .. دەردەکەوێ. نە ئامریکا و نە حکوومەتە دێموکراتیکەکان ( هەر حکوومەتێک بە رای ئێوە دێموکراتە) بەڵکوو هەر شەیتانێک « کە بیهەوێ بۆ ئەم کارە هاوکاری خەڵکی ئێران و کوردستان بکا، بەهەر هۆیەکەوە بێ و هەر چەشنە بەرژەوەندییەکی بۆخۆی تێدابێ، لە راستیدا لەگەڵ دژایەتی من بەرەوڕوو نابێتەوە، چونکە ئەوە بە دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێران و کوردستان نازانم.. ( ئەم مەسەلەیە پێویستی بە قسە و باسی دوور و درێژتر هەیە. بەڵام لە بەر ئەوەی کە بەڵێنمان دابوو بە کورتی باسی بکرێ، بۆ ئێستا هەر ئەوەندە بەسە.)

# ژیلا، کۆتایی بەخشی هێژێمۆنیی گشتگیری پیاوسالار لە شێعری کوری دا

وریا ڕەحمانی

ژیلا حوسێنی یەکێکە لەو شاعیرە بەتوانا و ڕووخسارە دیارانەی کە لە چوارچێوەی شێعری نوێی کوردیی دوای شۆڕشەوە، شوێن و پێگەیەکی حاشاهەڵنەگر و جێی متمانەی بەرزی بۆ خۆی و ئەدەبی کوردی دەستەبەر کردووە. شێعری ژیلا شێعرێکی دەروونی ترە و زۆر زیاتر لەوەی کە دەرگیری هێما دەرەکییەکان بێ، کەڵکەڵە و داڵدە دەروونییەکان دەورووژێنێ و بە ناخ دا ڕۆدەچێ. ڕەنگە ئەوەش لە ژن بوونی ئەو شاعیرەوە سەرچاوەی گرتبێ و خود دەرخەری ڕەهەندی ژنانە بوونی شێعرەکانی بێ. لە ڕاستیدا شێعری ژیلا نوێنگەی سێ توخمی سەرەکیی شێعر و مرۆڤ ( ژن) و ژیانە و لەم پانتاییەدا بە شێوەیەکی هاوتەریب و تەواوکەرانە لەگەڵ یەکتردا لە گەشەو ژیانەوەی بەردەوام دان.

مرۆڤ و ژیان وەک دوو چەمکی سەرەکیی واتابەخشی بوون لە شێعرەکانی ژیلادا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە و بێ هیچ چەشنە دانوستان و ڕێککەوتنێکی ئیستحالەیی تا ئاستێکی پیرۆزمەندانە دەنرخێندرێن و لەگەڵ ئێستاتیکای بەرزی شێعری تێکەڵ دەبن.

جیا کردنەوەی هەرکام لەم توخمە واتاییانە بە شێوەیەکی دەرباز و دەرە دەقیانە لە شێعرەکانی ژیلا دا تا ئاستی نەبوون ئەستەمە و لە ڕاستیدا ئەوە لە نێوئاخنی دەق دایە کە واتا و کارکردی ڕاستەقینەی خۆیان دەدۆزنەوە. بوون‌بەخشی و نرخاندنی چەمکەکانی مرۆڤ و ژیان یا ئەو کەڵکەڵە و پەیامەی کە شاعیر لە توێی شێعردا لە هەوڵی گەیاندنی دایە، هەرگیز دەوری لەمپەر و بەربەستێک لە بەرامبەر هونەر و جوانی ناسیی دەروونیی شێعردا نەبووە و بە پێچەوانەوە وەک بەشێکی لێک نەکراوە و کلیلی ڕۆحی شێعر بوون. لەلایەنە سەرنج ڕاکێش و پڕ بایەخەکانی شێعری ژیلا خوڵقاندنی ڕوانگەی نوێ و دیدی جیاوازی شێعرییە. ئاشنایی سڕینەوە نە تەنیا لە واتا و وێنای شاعیرانە دا، بەڵکوو لە دەربڕین و نواندنی ڕوانگەی نوێ و جیاوازی دیداریشەوە لەگەڵ خوڵقاندنی بەستێنی مژاری زمان و ڕووداوی شێعریش لە لایەنە پڕبایەخ و سەرنج ڕاکێشەکانی شێعری ژیلا و شێعری ژیلایین. هەوێنی پیرۆزی بەشێکی زۆر لە شێعرەکانی ژیلا مرۆڤ و بەتایبەت ژنە کە خوازیاری ژیانێکی ئارەزوومەندانە و شایانە و شێعر ئەو دەرەتان و فەزا ئەهوورایی‌یەیە کە ئیمکانی بوون و واتا بە خۆزگەکانی شاعیر دەبەخشێ. لە دیدی ژیلاوە ژن بەر لە هەموو شتێک مرۆڤە، لەگەڵ هەموو ماف و داخوازی و ئامانجەکانی مرۆڤ. بەڵام پیاو نیە و ڕەگەزێکی دیکەی هەیە و ئەوە خاڵی جیاوازی‌یە. لێرەوە ئیتر ژیلا و شێعر و جیهان‌بینی ژیلا ئاراستەیەکی جیاواز و نوێ و لە هەمان کاتدا ژنانە و بەوپەڕی خۆیەوە مرۆڤانە بە خۆیەوە دەگرێ.

ژیلا نایەوێ (یانی ئیتر ناتوانێ) وەکوو شاعیرانی پێش خۆی و تەنانەت سەردەمی خۆشی (شاعیرانی پیاو) بیر بکاتەوە و بنووسێ، بەڵکوو کانگا و ڕێبازێکی دیکە بۆخۆی هەڵدەبژێرێ و بەرەو ئاسۆی خۆزگە و ئەوین ڕێ دەکەوێ. ڕێبواری و بڕینی ئەم ڕێگە پێچەوانە و نامۆیە پێویستیی بە یاغی‌بوون هەیە و ئەوەش لە ئەوین دا دەلوێت. ژیلا گەشەی ئەم ئەوینە لە شێعردا دەدۆزێتەوە و ئاشق دەبێ و مەجالی تێگەیشتن و ئەوینێکی بەرینترمان لە جوانی و ژیان بۆ دەکاتەوە و بە دەم هەناسەی شێعرەوە پانۆرامای بوون دەنوێنێ.

ژیلا هەستێکی نۆستالیژیکی ئێستاتیکای کەم وێنەی بۆ ژیان هەیە و ئەم واتایەش بە تان و پۆی زۆربەی شێعرەکانیەوە دیارە و ئەوەش نەتەنیا هەر بۆخۆی بەڵکوو هەر مرۆڤێکی ژنی دیکەش دەگرێتەوە و نەک هەر سەردەمی خۆشی بەڵکوو بە قوڵاییەکانی ڕابردوو و داهاتووش دا ڕۆچووە. لە ژیلا و شێعری ژیلادا ئیتر، شێعر کارکردێکی جیاوازی هەیە و ئەوین ڕێبازێکی پێچەوانە دەپێوێ، ژیان مەودایەکی فراوانتر لەخۆدەگرێ و مرۆڤ ڕەهەندی نوێ دەقۆزێتەوە، ژن دێتە ناوەندی بوونەوە و چیتر وەک بەردەنگێکی ڕەها لە دۆخێکی ئینفعالی دا نامێنێتەوە، بەڵکوو لە دەوری بکەر دا دەردەکەوێ و دەبێتە سەرچاوەی خوڵقان.



کاتێ گوڵێک هەڵئەوەرێ
بولبول ئەگری
لەو کاتەدا هەتاو ئەمرێ
دنیا بەرگی ڕەش ئەپۆشێ
ڕووبار ئەمرێ
زەوی شەقار شەقار،
لێوی وشک وشک هەڵئەگەرێ
تۆ نەتدیوە چۆن خۆڵ ئەکا بەسەر خۆیا ؟!

بۆ مردنی هەر دڵدارێ ، دڵدارێ دێ بە کوڵ ئەگری و
لەسەر گڵکۆی خۆشەویستیا
تاجەگوڵینە دائەنێ .
بەڵام کاتێ دڵی من مرد
کەس نەیزانی
کەس لە پرسەی دڵی مندا فرمێسکێکی هەڵنەوەراند
دەستیان گرتم، لاشەی بێ دڵی منیان برد
هەڵیان پەڕاند.

ژیلا حوسێنی

---

# «ئەدەبیاتی بەراوردی»

## بەشی (٢)

یوسف قەدیری

هەروەک لە بەرایی تەوەری ئەدەبیاتی بەراوردی دا ئاماژە بە هێندێک خاڵ لەمەڕ بەستێنەکانی کارپێکردنی ئەم شێوازە وەک لێکۆڵینەوە لە لقە زانستییەکانی جۆراوجۆری بەرچاو لە جیهانی ئەورۆیی دا کرا ئەم جارە بە قۆناخی توێژینەوە لە یاسا و ڕێسا زانستییەکان بە مەبەستی شیکاریی بەربڵاوتری تەوەری بەرباس دەگەین تاکوو لە ڕێگای هێزی سەلماندن و بە واتا زانستیەکەی «ئامرازی بەرهەستی کەڵکوەرگرتن» دەرک بە لایەنە دەرهەستەکانی ئەم شێوازە بکەین. کە بۆ شیکردنەوەی زیاتر، وردبوونەوە لە چەندین خاڵ و تێبینی پێویستە کە بریتین لە:

١- توێژەر دەبێ لەم زانستە دا لە بواری مێژوویی و هۆکارناسیی مێژووی ئەدەبی شارەزا بێ.

٢- دەمارگرژی نەگونجاو و ناڵەبار وەپاڵ بە ئەدەبیاتی نەتەوەیی دەبێتە هەوێنی دابڕانی پێوەند لەگەڵ ئەدەبیاتی بیانی و لە ئەنجامدا تەریککەوتنەوەی زمان و ئەدەبیاتی خۆجێیی.

٣- ئەدەبیاتی بەراوردی گریمانە و پێوەرە نیسبییەکان بە سەرچاوە ناگرێ.

٤- وێچوویی بە بێ نەتوو پێوەندییەکی کولتووری و ئەدەبی و مێژوویی نێوان دوو ئەدەبیات بەتەنیا بەراورد نییە چوونکە ئەم وێکچوونانە بەرهەمی خاڵە هاوبەشە دەروونییەکانی مرۆڤە، نەوەک بەرهەمی هاوردەکاری ئەدەبی نەتەوەکان لە یەکتر.

٥- هاوبیر و کۆک نواندنی هەر دوو لایەنی بە بەراورد و شیکردنەوەی خاڵە هاوبەشەکان و قۆناخی مێژوویی و هەلومەرجە تایبەتییەکان لە ئەرکی کەسی بەراوردکار بە ئەژمار دێ.

٦- باندۆری زمانی نەتەوەیەک بە بێ نەتوو پێوەندییەک شوێنمەندی ئەدەبی بە ئەژمار دێ بەڵام بەراورد ناکرێ.

ئەم چەند خاڵەی هێماپێکراوی سەروو تەنیا بە بەشێک لە ئامرازەکانی کارپێکردنی ئەدەبیاتی بەراوردی دەژمێردرێن.

«قازانجەکان»

لەڕاستیدا هەموو لێکۆڵینەوە زانستی و ئاکادێمیکەکانی جیهان بەگشتی و زانستی ئەدەبیات بەتاییەتی، بەرهەمی لێوردبوونەوە و لێکدانەوەیەکی تاقەت پڕوکێن و بایەخدار بووە و بە دەستهێنانی ئەم جۆرە پرۆسە توێژینەوانە پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی درووستی قۆناخەکانی کردەوە بەهۆی هەبوونی پێوەندییەکی چڕ و پڕ لە داڕشتن دا هەیە تاکوو قازانجەکانی ئەم شێوازە لە ئەنجامدا بەدی بکرێن.

بیرمەندانی ئەدەبی لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەدەبیات باشترین نوێنەری نواندنی هونەری و شێوازیش کاریگەرترین ئامرازی دەربڕینی ڕاستەقینەی ئەندێشە و هزر و هەستی مرۆڤە و تێگەیشتنێکی نوێ لە جیهانی دەوروبەر دەخاتە بەرچاو. هەر شێوازێک لە نووسیندا ئامرازێکە نووسەر لە ڕەوتی ڕووبەڕوو بوونەوە و هەمبەرایەتی، بەرامبەر بە گەلێک پرس و کێشە دەروونییەکانی ژیان و بە ئامانجی سازدانی کەسایەتییەک بەپێی بارودۆخ و ڕەخساندنی هەلومەرجێکی هاوسەنگ کەڵکی لێ وەردەگرێ.

شێوازی داڕشتن ڕوانگەی وێنەیی نووسەر لە نووسیندا وەپاڵ بە ژیان دەردەبڕێ و لە ئاکامدا هێزی نوێکاری لە شکڵ و شێوە تا ڕادەیەک لە ڕێگای باندۆری زانستەکانی سەدرەم و ڕوانینی نوێی ئەو بۆ ناخی زۆربەی شکڵ دەگرێ و لە ئاکامدا قازانجەکانی شێواز بۆ نووسەر بە شوێن بەرهەم وێنا دەکرێ و شوێندانەری و کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەو لەسەر هزری خوێنەر وەک وێنە بە دیاردەکەوێ و خویا دەبێ.

هەر بۆیە شێوازی ئەدەبیاتی بەراوردی وەک شێوازێکی نوێ و سەردەمیانە دەتوانێ ئەم قازانجانەی هەبێ کە بریتین لە:

١- سازدانی دیالۆگی ژیار و شارستانیەتەکان و سەقامگیر کردنی ئاشتی و پێکەوە ژیان.

٢- ناسینی کولتوور و ئەدەبیاتی نەتەوەکانی بیانی و بە پیتکردنی ئەدەبیاتی خۆجێیی.

٣- کەمبوونەوەی ئاستی دەمارگرژی نێوان نەتەوەکان و چوونە سەری بیرۆکەی جیهان زێدی.

٤- دەستنیشانکردنی ڕۆڵی شاعیران و وێژەوانان لە ناساندنی کولتووره جیاوازەکانی.

٥- دۆزینەوەی ڕێگە پڕ پێچ و پەناکانی مێژوویی نێوان دوو دیرۆک.

٦- روو لە زیادکردنی ئاستی خوێندەواری و هاندانی وێژەوانان بە هۆی پێویستیی بە فێربوونی زمانی بیانی و بوارەکانی دیکەی زانستی.

٧- دەرخستنی زیاتری وێچووییەکانی نێوان دوو نەتەوە و لەبەر چاونەگرتنی جیاوازییەکان.

٨- کەڵک وەرگرتن لە شێوازی ئەدەبیاتی بەراوردی دەتوانێ داهێنەری نوێ لە بوارەکانی دیکەی ئەدەبیات بێ.

٩- بەهێزتر کردنی کولتووری هاوکاری و تێگەیشتن لە هێزی کاری بە کۆمەڵ.

١٠- شێوازی ئەدەبیاتی بەراوردی ناوبژیوانێکی بێ لایەنە کە خزمەت و ڕاژە بە ئەندێشە و هەڵسووکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە هەمبەر یەکدی دەکات و هەروەها وێنایەکی تێکەڵاو و ئاوێتە لە وێنا و وێنەکانە.

١١- ڕێنوێنی کردنی ڕەوتی ناساندنی نەتەوەیەک لە بارو دۆخی ئێتنیکی بە ڕواڵەت ناسراوە بەرەو ناسیۆنالیستێکی ناسراو.

«ئەدەبیات و کورد»

ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەک بەشێکە لە شوناسی ئەم نەتەوەیە و ناسێنەری کۆمەڵێک تایبەتمەندی وەک ڕەوتە مێژوویی، کولتووری و کۆمەڵایەتیەکانە.

ئەدەبیاتی کوردی بە درێژایی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی خۆی زۆرتر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی مێژوویی دەوروبەر و لە ئاکامدا زۆربەی هەرە زۆری داهاتە ئەرێنییەکانیش بۆ نەیارانی کورد و بە پێچەوانە زیانمەندی و خەسارەکان بۆ کورد گەڕاوەتەوە.

کورد شوناسی نەتەوەی خۆی وەک نەتەوەیەک بە بەشێکی جیهان ناساندووە و ئەدەبیاتەکەشی وەک ئەدەبیاتێکی نەتەوەیی وەگەڕ خستووە بەڵام بە هۆی چەندین هۆکاری مێژوویی وەک هاوڕەوتنەبوونی سیاسەت و ئەدەبیات ئێستاش وێژەی کوردی لە گۆڕەپانی ئەدەبی خۆیدا خول دەخواتەوە؛

یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی ئەم دیاردەیەش بۆ کەمبوونی خاڵە هاوبەشە ئەدەبیەکان لەگەڵ نەتەوەکانی‌تر بە شوێن کەڵکوەرنەگرتن یا خود ئاوڕنەدانەوە لە هۆکار و ئامرازگەلێک بۆ پێکهێنانی پرد و پێوەندی لەگەڵ ئەم نەتەوانەدا دەگەڕێتەوە.

نەمانی سەرچاوە کوردییەکانیش لە ئاکامی کارەساتە مێژووییەکان بۆ وێنە کارەساتی قەڵای دمدم لەگەڵ ئەوەیکە وەک خاڵێکی نەرێنی لە هۆکارەکانی دواکەوتنی زانستی کورد بە گشتی و زانستی ئەدەبی کوردی بە تایبەتی بە ئەژماردێ، لە هەمبەردا ئەدەبیاتێکی خۆڕاگری و بەرگری وەک ژانرێکی پۆزەتیڤ لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕسکاندووە و لە بواری زانستی هۆکارناسیی، مێژووی سیاسی سیاسی کوردی لەم سەردەمەدا بە ئاسەوارە ئەدەبییەکانی ئەوکات بەڵگەمەند کردووە کە خۆی هەلێکی بۆ لێبووردنەوە و توێژینەوەی بۆ لێکۆڵەرە کوردناسەکان دەڕەخسێنێ.

بە خوێندنەوە و تێرامانیکی لۆژیک لە ئەدەبیاتی بەر لە کۆمار، کۆمار و پاش کۆمار (سەردەم) بۆمان دەردەکەوێ کە وێژەی کوردی زۆرتر ڕۆڵی مانەوە و پاراستنی ئەدەبیاتی گێڕاوە و پێشکەوتنێکی ئەوتۆ و بەرچاوی پێوە دیار نیە و ڕادەی هاوردەکاری لە هەناردەکاریی وێژەیی و تەنانەت شوێنمەندی ئەدەبی پتر بووە. کە بۆ نموونە بە دەروونشیکاریی بەرهەمەکانی مامۆستا هەژار لە سەردەمی سۆڤییەت و ڕەنگدانەوەی بیرۆکە و شۆێن وەرگری ئەو لە بارودۆخی زاڵی ئەو کات لە ناوئاخنی بەرهەمی ناسراوی بە ناو «ئاڵەکۆک»دا وەک شوێنمەندی ئەدەبی سەیر دەکرێ.

لە بەستێنی ئەدەبی کوردیدا گەلێک دەرفەتی لێکۆڵینەوە لە لقە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیات و بە تایبەت بەراوردی دا هەیە کە گرینگی پێویستی وێژەی کورد بە سازدانی کۆبوونەوە زانستییەکان بەهێزتر دەکات و وێژەوان و ڕەخنەگرانی ئەدەبی بۆ دۆزینەوەی ڕێکارێکی زانستی و گشتی لە دەوری یەک کۆدەکاتەوە و نەیارانی کورد بۆ کەڵکئاوەژوو لە پێکهاتەی فرەزارەکی بوونی زمانی کوردی پاشگەز و پەژیوان دەکاتەوە.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 568 8 okt 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# ئەردەوان کامکار: تازە هیچ بەرهەمێکی هونەریم بڵاو ناکەمەوە



ئەردەوان کامکار، ئاهەنگساز و هونەرمەندی ناوداری کورد، وێڕای نارەزایەتی دەربڕین بە بارودۆخی بڵاوکردنەوەی مۆسیقی لە ئێران گوتی کە چیدی نامەوێ کارەکانی دیکەم بڵاو بکەمەوە.

ناوبراو بە هەواڵدەریی ئیلنای ڕاگەیاندوە کە وەزعی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانم ئەوەندە خراپە کە چیدی نامەوێ هیچ بەرهەمێکم بڵاو بکەمەوە و تا کاتی دۆزینەوەی مکانیزمێکی نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی کارەکانم، بڵاو بوونەوەی بەرهەمەکانم رادەگرم.

ئەردەوان کامکار دەڵێ لە ئێران هیچ کەس، نە هۆگرانی موسیقی و نە دەوڵەت ڕێز لە کارەکانمان ناگرن. کارێکی نوێ کە دەکرێ پاش بڵاوکردنەوەی سەعاتێکی پێ ناچێ دەخرێتە سەر ئینتێرنێت و بە ئاسانی دانلۆد دەکرێ، بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ کە ئەو بەرهەمە چەندی تێ چووە.

ئەردەوان کامکار دەڵێ کە هونەرمەندان و موزیکزانان بە هۆی لەبەر چاونەگرتنی مافەکانیان لە ئێران لە بارودۆخێکی خراپدا دان.

ناوبراو دەڵێ کە هونەرمەندان بە سێ ڕێگە دەتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بەڕێوەبردنی کۆنسێرت، بڵاوکردنەوەی ئالبۆم و وانە گوتنەوە. لە ئێران بەهۆی گرانیی بەکرێ گرتنی ساڵۆنەکان ناتوانین کۆنسێرت بەڕێوە بەرین، بڵاوکردنەوەش بە هۆی نەبوونی یاسای کۆپی ڕایت کە هەر باسی ناکرێ و وانە گوتنەوە وردە وردە پیرت دەکا و هێزی داهێنانت تێدا دەکوژێ.

# بەڕێوەچوونی کۆنسێرتێکی موزیک و گۆرانی کوردی لە شاری تاران



گرووپی موزیکی «ژیوار» بە دەنگی گۆرانیبێژی کورد خاتوو ژیوار شێخولئیسلامی، کۆنسێرتێکی گۆرانی و موزیک و هەڵپەڕکێی کوردی لە شاری تاران پێشکەش کرد.

ئەو کۆنسێرتە کە لە ڕۆژانی ٣١ ی خەرمانان و یەکی ڕەزبەر لە تالاری وەحدەتی شاری تاران پێشکەش کرا، هەنەرمەند ژیوار بە چەند پارچە موسیقا و گۆرانی بە زمانەکانی کوردی و فارسی سەرنجی ئامادەبووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و لە پشووی نێوان دوو بەشی کۆنسێرتەکەدا گرووپی هەڵپەڕکێی «ژیوار» بە سەرپەرەستی خاتوو هێرۆ شێخولئیسلامی چەندین هەڵپەڕکێی جوانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیان پێشکەش کرد.

# بەڕێوەچوونی ئێوارە کۆڕێک بۆ شێعر و گۆرانی لە لایەن کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی حدک

کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێر کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێوارە کۆڕێکی بۆ شێعر و گۆرانی بەڕێوە برد.

لەو ئێوارە کۆڕەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٦ ی ڕەزبەر بە بەشداریی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکانی حیزب لە ساڵۆنی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتدا بەڕێوە چوو، ژمارەیەک لە پێشمەرگە خاوەن هەستەکان بەرهەمە شێعری و ئەدەبییەکانی خۆیان خوێندەوە و



چەند گۆرانییەکیش بە دەنگە سۆزەکەی هونەرمەندی تازەلاو، شنۆ ئەحمەدی پێشکێش کرا.

لەو ئێوارە پاییزییەدا هەر کام لە هاوڕییانی پیشمەرگە عەلی بداغی، مەسعود فەتحی و یۆسف قەدیری بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆیان پێشکیش کرد.

# گەورەترین شوێنەوارەکانی مێژوویی پارێزگای ئیلام، مەترسیی فەوتانی لەسەرە

ئاسەوار و شوێنەوارە مێژووییەکانی شاری «دەڕەشەهر» و شارۆچکەی «سەیمەڕە» لە پارێزگای ئیلام بوونەتە گەورەترین ئاستەنگی نێوان خاوەن ملک و لایەنگرانی ئاسەوارە مێژووییەکان.

هەواڵدەریی ئاسەوارە فەرهەنگییەکان بڵاوی کردەوە: کە کێڵان و چاندنی زەوییەکانی ئەو ناوچەیە لەلایەن وەرزێران و هەروەها پرۆژەگەلی بیناسازیی بەربڵاوی ناقانوونی بەرەبەرە بوونەتە هۆی لەنێوچوونی ئاسەوارە مێژووییەکانی شاری دەڕەشەهری پارێزگای ئیلام.

بە وتەی کارناسی ئاسەوارە مێژووییەکانی ئیلام، لە حاڵی حازردا ئاسەوارە مێژووییەکانی «دەڕەشەهر»مان بە دژواری پاراستووە و کارە سەرەتاییەکان بۆ تۆمار کردن لە لیستەی



شوێنەوارە جیهانییەکان لە حاڵی دارشتن دایە.

شوێنەرواره مێژووییەکانی دەڕەشەهر (سەیمەڕە) بە ڕووبەری زیاتر لە ٢٠٠ هێکتار کەلە کۆتایی دەورەی ساسانیدا ساز کراوە، ساڵی١٣١٠ی هەتاوی بە ژمارەی ٦ لە لیستەی ئاسەوارە میللیەکانی ئێراندا تۆمار کراوە.

پارێزگای ئیلام یەک لەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە شوێنەوار و ناوچەی کەونارایی و مێژوویی بەنرخی تێدایە و یەکێک لە شوێنەکانی شارستانیەتی کۆنی مرۆڤە، بەڵام کەمتەرخەمی و پشت گوێ خرانی لەلایەن ناوەندە پێوەندیدارەکانەوە خەریکە زیان و خەسار لە پەیکەری ئەو شوێنەوارانە دەدات و بوونەتە مەترسییەک بۆ لەناوچوونیان.

# براوەکانی خەڵاتی نۆبێلی ٢٠١١



کۆمیتەی دیاری کردنی براوەکانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێڵ ئەم خەڵاتەیان بە هاوبەشی بە دوو ژنی ئافریقایی و ژنێکی یەمەنی بەخشی.

بەپێی ڕاپۆرتی بی بی سی براوەکانی خەڵاتی ئەوساڵی ئاشتیی نۆبێڵ بە هاوبەشی بە «ئەلێن جانسۆن سێرلیف» سەرۆک کۆماری لیبیریا، «لیما گبۆوی»ی چالاکێکی مافی مرۆڤی ئەو وڵاتە و «تەوەکول عەبدولسەلام کەرمان»، خەڵکی یەمەن دراوە.

کۆمیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە بەیاننامەیەک دا بەو بۆنەیەوە ڕایگەیاند کە ئەم خەڵاتە بەهۆی هەوڵە ئاشتیخوازەکانی ئەم ژنانە لە پێناو دابینکردنی ئازادی وئەمنییەت بۆ ژنانی جیهان و مافەکانیان بۆ بەشداری کردنی تەواویان بۆ بەدیهێنانی ئاشتی بەو هاوبەشی بەو سێ کەسە دراوە.

هەروەها «بروس بوتلەر» لێکۆڵەری ئەمریکایی، «ژول هوفمان» لێکۆڵەری فەڕانسەیی و «ڕالف ئیستاینمەن» لێکۆڵەری کانەدایی بەهۆی لێکۆڵینەوەکانیان لە بابەت سیستمی بەرگریی لەش، خەڵاتی نۆبێل لە بواری پزیشکیان پێ‌بەخشرا.



«بروس بوتلەر» و «ژول هوفمان»بە هۆی لێکۆلینەوەکەیان لەبارەی سیستمی بەرگری لەش و «ڕالف ئیستاینمەن» بە هۆی دۆزینەوەی ئەو بەشە لە سیستمی بەرگریی لەش کە ڕووبەڕووی مەترسییەکان دەبێتەوە، ئەو خەڵاتەیان وەرگرتوە.

# چاپکراوی نوێ



گۆڤاری «لەیلا قاسم لەیلا زانا» کە گۆڤارێکی وەرزانەی گشتی مێژوویی - زانستی - کۆمەڵایەتی هەمەلایەنەی دۆزی ژنانە، بە سەرنووسەری مومتاز حەیدەری سێهەم ژمارەی چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەم ژمارەیەش وەک ژمارەکانی پێشوو کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و هەمەچەشنی لە خۆی گرتوە و هەروەها بەشێک لە لاپەرەکانی تەرخان کراوە بۆ ڕاپۆرت و وێنە لە کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان کە لە مانگی ٨ی ٢٠١١دا پێک هات.

بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» وێڕای ماندوونەبوونی، دەستخۆشی لە سەرنووسەر و بەڕێوەبەرانی ئەم گۆڤارە بەنرخە دەکەن و هیوای بەردەوامی بۆ گۆڤاری لەیلا قاسم لەیلا زاناش دەخوازن.

بەر لە ماڵاوایی

# بە بۆنەی ٢ی ئۆکتۆبر، ڕۆژی جیهانیی ناتوندوتیژی

**وریا ڕەحمانی**

پەیامی «موهنداس کارمچاند گاندی» و کاریگەریی بە سەر مێژووی هاوچەرخی هێندوستان و جیهان دا، قووڵ و هەرمانی بوو.
(رامین جهانبگلو)

«گاندی» لە دایک بووی ٢ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٨٦٩یە و لە ١٣ی ژانوییەی ١٩٤٨ بە دەستی توندئاژۆیەکی هێندوویی‌یەوە کوژرا. کاریگەری و شوێندانەریی گاندی بە سەر ڕەوتی سیاسی هێندوستان و جیهان بە تایبەت ڕوانگە ئاشتی‌خوازانە و دژە توندوتیژییەکانی بوون بە هۆی ئەوەی کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی لە دایکبوونی ئەو بیرمەندە فرەزانە و ئەو ڕێبەرە ئاشتی‌خوازە وەک ڕۆژی جیهانیی دژی توندوتیژی بناسێنرێ. خەڵکی هێندوستان «گاندی» وەک باوکی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان لە دژی داگیرکاری و ئیستعماری دەوڵەتی بریتانیا دەزانن کە لەم ڕێبازەدا وێڕای خەباتێکی بێ‌وچان و هاندان و ڕۆشنگەریی بێ‌دریغی خەڵک، کەچی بە خاوەنداریەتیی گوتارێکی ئاشتی‌خوازانە و مەدەنی بە ئەنجامی گەیاند. گاندی لە تەنیشت ئەوەی دا کە باوەڕی بە سەربەخۆیی بێ‌ئەملاولای وڵاتەکەی بوو، بەڵام هەرگیز بڕوای بەوە نەبوو کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە (هەر چەندیش پیرۆز بێ!) لە هەر ئامرازێک کەڵک وەرگیرێ. بە پێچەوانەوە پێی وابوو کە خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی و مافی چارەنووسی وڵات دا دەبێ هاوتەریب لەگەڵ ئاشتی و ئازادی و پێوەرە ئینسانییەکان بەرەوپێش بچێ.

گاندی پێی وایە حەرەکەتی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤایەتی لە نیهایەتی خۆیدا بەرەو حەقیقەت یان ڕۆحی حەقیقەت دەڕوا و لەم پێناوەشدا لە پاشخانی ئەندێشەکانی سێ بیرمەندی مەزنی ڕۆژئاوایی ـ تۆلیستۆی، راسکین، سۆرو ـ کەڵک وەردەگرێ و لە پانتاییی سیاسی دا بۆ گەیشتن بەو دەرئەنجامە پیرۆزە مێتۆدی کردەوەیی «ساتیاگراها»یان ناتوندوتیژی دینێتە ئاراوە.

وانەکانی گاندی لە دەرەوەی سنوورەکانی هێندیشەوە ڕەنگدانەوەیەکی جیهانییان بووە. بۆ وێنە خەباتی «مارتین لۆتێرکینگ» بۆ مافی ڕەش‌پێستەکانی ئامریکایی لەم جۆرانە بووە. «لۆتێر کینگ» دەڵێ: «لە ڕەوتی بەرەوپێشی مرۆڤایەتی دا، نادیدە گرتنی گاندی و ئەندێشەکانی نامومکینە».

رامین جەهانبەگلو دەڵێ: «کاتی ئەوە هاتوە کە پێ بە پێی گاندی باوەڕ بەوە بێنین کە توند و تیژی (خشونت) خۆکوژی یە و دنیا لە بێزاری و ڕق و قین ماندوویە. ڕاستییەکەی توندوتیژی لە ڕێبازی بیرکردنەوە لە لایەنی بەرامبەرەوە، نە شێوازی بەڕێوەبردنی سیاسیی کۆمەڵگایە، نە چارەسەرییەکی گونجاوە بۆکۆتایی هێنان بە ناکۆکی نێوان نەتەوە و خەڵکە جۆراوجۆرەکان». «ڕۆمەن ڕۆڵان» لە نووسینێکی دا دەڵێ: «ئەگەر هیوای ئاشتی و پێکەوە ژیان و هەڵکردنی مرۆڤ بە بێ توندوتیژی لە ناو بچێ، جیا لە شەڕێکی ماڵ وێرانکەری وەحشیانە هیچ شتێکی دیکە نامێنێتەوە».

بۆیە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئارەزوومەندانە و خۆشبەختی دوور لە توندوتیژی پێویستیی هەرچی زیاترمان بە ئەندێشە و شێوازە سیاسییەکانی بیری گاندی هەیە.

گاندی باوەڕێکی بێ کۆتایی بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی هەبوو بەڵام لەم بەستێنە دا لەگەڵ گرووپە چەپ و کۆمۆنیستەکان جیاوازێکی بەر چاوی بوو.

هەربۆیەش سەبارەت بە جیاوازیی مێتۆدی خەباتی خۆی لەگەڵ مارکسیستەکان دەڵێ: «ئەوان وێڕای چاندن و ڕنینەوەی هەستی بێزاری و نەفرەت لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا، دروشمی بەرابەریی ئابووری دەدەن. پێیان وایە هەرکاتێک دەسەڵات بەدەستەوە بگرن دەتوانن لەڕێی هێزو زۆرەوە بەرابەرییش وەدی بێنن. لە حاڵێکدا، لای من، دەوڵەت خزمەتکار و بەڕێوەبەری ئیرادەی خەڵکە، نەک دیکتاتۆرێک ئیرادەی خۆی بە زۆرەملی بەسەر کۆمەڵگا دا بسەپێنێ. من لەڕێی باوەڕ هێنان و ئیقناعی خەڵکەوە ـ واتە جێگیر کردنی هێزی خۆشەویستی و هەڵکردنەوە بە جێی بێزاری و نەفرەت و دووبەرەکی ـ لە بەستێنی نا توندوتیژی دا ، بانگەشەی بەرابەری دەکەم››.